دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە ٥٠٨

www. kurdistanukurd.com

دووشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ - ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٩ - ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



سەرکەوتنی DTP لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستاندا

سیاسی



بەرەو هەڵوێستێکی یەکگرتووانەی کوردستانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا

سیاسی



عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەدخوازانی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری شەڕی نەغەدەیان سەپاند

کوردستانی



سەرکەوتنی DTP و پەرەسەندنی بزاڤی شوناسخوازی

پەیامی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە:

# با ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بکەینە ڕۆژی هاوپێوەندیی ڕۆژنامەنووسانی هەموو پارچەکانی کوردستان

٢ی بانەمەڕ(٢٢ی ئاوریل)ی ئەمساڵ ١١١ساڵ لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کردستان) لەلایەن گەورە ڕووناکبیری کورد میقداد بەدرخانەوە تێدەپەڕێ. هەرچەند زیاتر لە سەدەیەك لەم ڕووداوە گرنگە دوورکەوتووینەوە، بەڵام تادێ زیاتر لە گرنگیی ئەم یەکەم هەنگاوە و ئەو یەکەم وشە و ڕستانە و ئەو ئامانجانەی لە مێشکی بەدرخانی مەزن دا بوون و لە کاریگەرییەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەویش بە ناوی "کوردستان" دەگەین. بۆیە دەکرێ بڵێین دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەو سەردەمەدا بە ڕێنێسانسێك لە بیری نەتەوەیی، وێژەو کولتووری نەتەوەییمان دا دەژمێردرێ.

ئەگەر لە دۆخ و هەلومەرجی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییش ڕامێنین لایەنە پێشکەوتووانە و نەتەوەییەکان و دووربینی و فیداکاریی میقداد مەدحەت بەدرخانی گەورەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. میقداد بەدرخان وەك مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری کورد بە ئاشنابوون لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو، تێگەیشتن لە چەمکەکانی ناسیۆنالیزم و مودێرنیتە هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە باشترین ئامراز بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەگەرایی و وشیاریی نەتەوەیی و هەروەها پەرەپێدان بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیەکی ژێردەست و دابەشکراوی وەك کورد بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە زمانی خۆیەتی.


ئەم ڕچەشکێنییەی بەدرخان کاریگەریی گەورەی لە سەر ڕووناکبیران و خوێندەوارانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی دانا. بە چەشنێك کە ڕووناکبیران و ڕێبەرانی شۆڕشە نەتەوەییەکانی کوردستان سەرەڕای دژواریی هەلومەرج و نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی چاپی ڕۆژنامە، وەك باڵێکی بزووتنەوەکان لە ڕۆژنامەیان ڕوانیوە.

ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بەشی زۆی مێژووی خۆی دا بە هۆی نەبوونی حکوومەت و دەسەڵاتی نەتەوەیی لە دژوارترین هەلومەرج دا (بێجگە لە سەردەمی کۆماری کوردستان) تا دەگاتە ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشووری کوردستان درێژەی بە ژیان داوە.. بەڵام ئەوەی جێگەی شانازیی ئێمە ڕۆژنامەنووسان و هەر کوردێکی نیشتمانپەروەرە، ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕووناکبیرانی دەروەست و وڵاتپارێز تەنانەت لە چیاو ئەشکەوتەکانیش لە سەنگەری وشەو قەڵەمەوە نەك هەر نەیانهێشتوە زمان و کولتوورەکەمان لەلایەن زمان و کولتووری باڵادەستەوە ئاسیملە بکرێ، بەڵکوو لە ڕێگای نووسین و بڵاوکردنەوەی زانیارییەوە پەرەیان بە زمان، وێژە و کولتووری کوردی و ڕووناکبیری داوە.

لەم بۆنەیەدا( ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی) بە ڕێزەوە یادی میقداد بەدرخان و هەموو ئەو قەڵەمبەدەستانە دەکەینەوە کە وشەی کوردی و ناوی کوردییان پاراست، لە سەر وشەی کوردی تووشی چەرمەسەری و ئازارو بەندیخانە بوون و تەنانەت گیانیشیان داناوە.

لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا جێی خۆیەتی جگە لە وەبیرهێنانەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و یادکردنەوە لە سەربازانی ئەم کاروانە دوورودرێژە، ئاوڕێك لە دۆخی ئێستای ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕۆژنامەنووسانی کورد بدەینەوە. ئێستا کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەردەم و دۆخێکی بە تەواوی جیاواز دایە. هەرچەند پرسی ژێردەستەیی کوردان جگە لە باشووری کوردستان لەجێی خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە ئاکامی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان (وەك دیاردەیەکی سەردەمی بەجیهانیبوون) دەروازەیەکی گەورە بە ڕووی ڕاگەیاندنی کوردی و ڕۆژنامەنووسانی کورد دا کراوەتەوە.

ل ٥



## پیرۆزبایی

## لە ١١١ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا

ئەم ژمارەیەی "کوردستان" لە بەرەبەری ١١١ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی) دا دەردەچێ. ١١١ ساڵ لەمەوبەر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کردستان) لە لایەن گەورە ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسی کورد، میقداد مەدحەت بەدرخانەوە بڵاوکرایەوە. "کردستان" یەکەم هەنگاوی ئەم ڕێگە نەپساوەیە بوو کە ئێستاش درێژەی هەیە. لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەنووسانی کورد توانیویانە خزمەتی گەورە بە پڕۆسەی ڕووناکبیری و نەتەوەیی کورد بکەن.

بەم بۆنەیەوە جێی خۆیەتی وێڕای ڕێزگرتن لە یادی میقداد مەدحەت بەدرخانی مەزن و هەموو ئەو خاوەن خامانەی مۆمی کوردایەتی و ڕۆشنبیرییان بە داگیرساوی ڕاگرت، پیرۆزبایی لە هەموو ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەنکارانی کورد بکەین. بەو ئاواتە کە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەنکارانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان وێڕای دروست کردنی هاوپێوەندیی زیاتر پەرە بە بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕووناکبیری بدەن.

کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی "کوردستان"

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیك نامەیەکی بۆ یەکیەتی ئورووپاو سۆسیال ئینتێرناسیۆناڵ دەنێری




بە مەبەستی فشار خستنە سەر دەوڵەتی تورکیە بۆ ڕاگرتنی پەلاماری دستبەسەرکردنی ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتیك ئەم پارتە نامەیەکی بۆ یەکیەتیی ئورووپاو ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ ناردوە.

لەم بارەیەوە "سرِی ساکك" پاڵمانتاری لیستی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیك لە لێدوانێك دا بۆ "نەوا" ئاماژەی بەوە کرد، داوامانکردوە فشار بخرێتە سەر ئانکارا بە مەبەستی ڕاگرتنی دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیك و ئازادکردنی ئەو ئەندامانەی دەستبەسەر کراون.

"سرِی ساکك" لە درێژەدا ڕوونیکردەوە: دەوڵەتی تورکیە هەمیشە وڵاتانی ئورووپا چەواشە دەکاو داواکارییەکانیان جێبەجێ ناکا. جێی ئاماژەیە لە ماوەی ٥ ڕۆژی ڕابردوودا سوپای تورکیە لە چەند پەلامارێکی جیاداو بە تۆمەتی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ PKK سەدان ئەندامی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیکی دەستگیر کردوە.

## تۆپخانەکانی ئێران ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیان تۆپباران کردەوە

دوای ماوەیەك وەستاندنی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان، ڕۆژی یەکشەمە ٣٠ی خاکەلێوە بۆ جارێکی دیکە تۆپخانەکانی ئێران ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیان زۆر بە خەستی تۆپباران کردەوە.

لەو بارەیەوە شەوکەت محەمەد کارگێڕی ناحیەی سیدەکان ڕایگەیاند: تۆپبارانی تۆپخانەکانی ئێران زۆر بە خەستی دەوروبەری ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆرانیان تۆبارانیان کردوەو خنێرەو لۆلان و سنین و پیرەبرایم و پانگەکەشك و دەوروبەری بێرکمە وەبەر تۆپبارانەکە کەوتن.

ناوبراو هەروەها گوتی: تۆپبارانکردنی ئەمڕۆ زیانی بە دواوە



نەبووە. چونکە ئەم شوێنانە زۆربەیان پێشتر لە ترسی تۆپباران چۆڵ کراون بەڵام زیانێکی زۆر لە مەڕوماڵاتی هاووڵاتییان کەوتوە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە بەر لەم تۆپبارانە ڕێژیمی ئێران تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی ڕاگرتبوو.

## ڕەخنەی ئیسرائیل لە ئامادە بوونی ئەحمەدی نژاد لە کۆبوونەوەی دوربان

ئیسرائیل بە ڕەخنە گرتنی دووبارە لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربارەی نژادپەرستی لە ژێنو بە توندی ڕەخنەی لە چاوپێکەوتنی پێشتر بەرنامە بۆ دانراوی سەرکۆماری ئێران و سویس گرتوە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان مەحموود ئەحمەدی نژاد، سەرکۆماری ئێران کە ڕۆژی یەکشەممە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دوربان دەچێتە سویس لەگەڵ هانس ڕودۆلف مورتێز، سەرکۆماری سویس چاوپێکەوتن دەکا. کاربەدەستانی ئیسرائیلی گوتوویانە هەوڵ دەدەن ئەو چاوپێکەوتنە هەڵوەشێننەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل ئەم کۆبوونەوەیەی نەتەوەیەکگرتووەکانی بە کومێدییەکی داخهێنەر لە قەڵەم داوە و هەروەها گوتوویەتی:"لە کاتێك دا ئەم



کۆبوونەوەیە بە فەرمی بۆ مەحکووم کردنی نژادپەرستی پێك دێ، بەڵام بانگهێشتنی لە ئەحمەدی نژاد نکۆڵیکەرێکی هۆلۆکاست (کوشتاری جوولەکەکان) کردوە کە خوازیاری لەنێوچوونی ئیسرائیلە.

بڕیارە سەرکۆمار ئێران دووشەممە ٢٠ی ئاوریل لە دانیشتنی دوربان دا قسە بکا.

لە هەمان کات دا سێ گرووپی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك داوایان لە ئەحمەدی نژاد کردوە جیاوازیدانان دژی کەمایەتییە ئێتنیکی و مەزهەبییەکان و ژنان ڕیشە کێش بکا.

عەبدولکەریم لاهیجیش لە لایەن یەکیەتیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێرانەوە گوتوویەتی دۆخی مافی مرۆڤ لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاددا خراپتر بووەو جیاوازیدانان دژی کەمایەتییە ئێتنیکی و مەزهەبییەکان و ژنان مایەی نیگەرانییە.

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پۆشی






پێشنیوەڕۆی رۆژی، ۲۵ی خاکەلێوە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەریی کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان رێورەسمی جێژنی کۆتایی هاتنی دەروەی ۱۸۷ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرەتای رێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" و رێژەی پێشمەرگانەی بەشدارانی دەورە دەستی پێکرد.

پاشان بە بۆنەی هاتنی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بۆ نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قار وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای پیرۆزبایی لە فێرگەو بەشدارانی دەورە، باسێکی کورتی لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی پێشمەرگەی کوردستان و رۆڵی ئەم توێژە گیان فیدایەی کۆمەڵگای کوردستان لە سەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد پێشکەش بە بەشداربووان کردو وتی کە "پێشمەرگە بوون و هاتن بۆ ریزی پێشمەرگایەتی وڵامێکی مەنتقییە بە سیاسەتی دژ بە کوردی داگیر کەرانی کوردستان، بەڵام لە هەمان کات دا نابێ تێکۆشان و بەرخۆدانی رۆڵەکانی دیکەی کورد لە شارەکانی کوردستان دا لەبەرچاو نەگرین و وەك پێشمەرگە لێیان نەڕوانین".

لە ژێر رووناکایی ئەم خوێندنەوەیەدا بۆ گرینگی دان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی کوردستان، قادر وریا بە ئاوڕدانەوە لە خەباتی بێ پسانەوەی چالاکانی مەدەنی، ژنان و خوێندکاران و زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد، ئەم شێوازە لە خەباتی رۆڵەکانی کوردی بەرز نرخاند.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رووی لە بەشدارانی دەورە کردو وتی: "ئێوە نابێ تەنیا قەناعەت بە دەورەی سەرەتایی بێنن و لە فێر بوون و خۆپێگەیاندن غافڵ بن، بەڵکوو دەبێ بزانن کە بەرپرسایەتییەکی گەورەتان کەتۆتە سەرشان و پێویستە لە بیری خۆپێگەیاندن دابن".

لە کۆتایی قسەکانی دا وریا رووی کردە سەرجەم لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ ئەرك و دەروەستییەکانیان لە پێناو داهاتووی نەتەوکەیان دا گوتی: "بە رێزگرتن لە رۆڵە خەباتگێڕەکانی رابردوو و شەهیدەکان، پێویستە رێبازەکەیان ون نەکەن و بۆ وەدی هێنانی ئاواتەکانیان تێ بکۆشن".

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمی جێژنی کۆتایی هاتنی دەورەی ۱۸۷ی سەرتایی فێرگەی سیاسی - نیزامی دا پەیامی ئامووزشی فێرگە لە لایەن سەید ئەمیر حوسێنی، یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە خوێندرایەوەو پاشان یەکێك لە بەشدارانی دەورە پەیامی دەورەی خوێندەوە.

دابەشکردنی خەڵاتەکانی فێرگە بە سەر چەند کەسێك لە بەشدارانی دەورە کە لە رووی وانەکانی فێرگەو نەزم و دیسیپلینەوە سەرکەوتنی زیاتریان وەدەس هێنابوو، برگەیەکی دیکەی ئەم رێورەسمە بوو، کە لە لایەن هەر دوو پێشمەرگەی دێرینی حیزب بەرێزان ئەحمەد نستانی و رەحیم پەرشەییەوە خەڵاتەکان دابەش کران.

# زیاتر لە ۵۰ چالاکی کرێکاریی کورد قۆڵبەست کران

رۆژی هەینی زیاتر لە ۵۰ چالاکی کرێکاریی کورد لە شاری سنە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیمەوە قۆڵبەست کران.

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مافی مرۆڤ لە ئێران لە راگەیەندراوێك دا رایگەیاند کە رۆژی هەینی رێکەوتی ۲۸ی خاکەلێوە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە شاری سنە هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی دەیان کەس لە چالاکانی کرێکاری و زیاتر لە ۵۰ کەسیان لێ دەستبەسەر کردن.

چالاکانی کرێکاری کە لە ماڵی یەکێك لە هاوڕێکانیان بە ناوی غالب حوسێنی کۆببوونەوە، لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە شەقام و کۆڵانەکانی دەروبەریان لێ گەمارۆ دراو دوای هێرشکردنە سەریان و پشکنینی ماڵی ناوبراو زیاتر لە ۵۰ کەسیان لێ قۆڵبەست کراو بۆ گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە راگوێزران. بە پێی دوایین زانیارییەکان بەشێك لە دەستبەسەر کراوەکان رۆژی دواتر ئازاد کران.

# کوشتنی هاووڵاتییەك لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە

هاووڵاتییەکی خەڵکی ناوچەی شنۆ لە لایەن هیزەکانی رێژیمەوە تەقەی لێکراو لە ئاکام دا گیانی لە دەست دا.

هەواڵنێرمان لە شاری شنۆوە ئاگاداری کردین کە شەوی ۲٦ لە سەر ۲۷ی خاکەلێوە کەسێك بە ناوی کەماڵ رۆستەمی، کوڕی عوسمان، خەڵکی ئاوایی "هێیە" ی سەر بە شاری شنۆ، لە دەشتی "مردواوێ" ی سەر بە ناوچەی سەردەشت لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەسرێژی لێ کراو لە ئاکام دا گیانی لە دەست دا.


# دۆخی تەندروستی بەندکراوێکی کورد نالەبارە

دۆخی تەندروستی "مستەفارەسووڵ نیا" لە بەندیخانەی ورمێ نالەبارەو کاربەدەستانی بەندیخانە ئیزنی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی پێ نادا.

"مستەفارەسووڵ نیا" ماوەیەکی زۆرە بە بێ ئەوەی حوکم درابێ لە زیندانی ورمێ دایەو بە پێی زانیارییەکان دۆخی تەندروستی ناوبراو نالەبارە وبەڕێوەبەرانی بەندیخانە ئیزن نادەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ببردرێتە نەخۆشخانە.

شایانی باسە کە، بەرپرسانی زیندانی ورمێ ئیزن بە بنەماڵەکەیشی نادەن تا چاویان بە کوڕەکەیان بکەوێ.

# چالاکیی تەبلیغی تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان




**مەریوان:** ئەندامانی سەر بە رێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەریوان شەوانی ۲٦ و۲۷ی خاکەلێوە لە دەیان شوێن و گەڕەکی ئەو شارە چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە بردو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیان بە سەر کردەوە.

لەو پێوەندییەدا سەرچاوەیەك لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند کە ئەندامانی حیزب لە شاری مەریوان شەوانی ۲٦ و ۲۷ی خاکەلێوە بە بڵاوکردنەوەی هەزاران نوسخە لە تراکتەکانی حیزبی و وێنەی شەهیدانی رێبەر لە دەیان گەڕەك و شوێنی ئەو شارە لە ئاستێکی بەربڵاو کەم وێنەدا چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە بردوە، بەشێك لەو شوێنانە بریتین لە: شەهرەکی جووجەسازی سەرێ و خوارێ، فەلەکەی باوە رەشید، چوارڕیانی بایەوە، بانکەکانی "رفاە"، "صادرات"، "سعادت"، گەڕەکەکانی تەکیە، سەردۆشییەکان و چراغی، ئیدارەی ئاوو هەروەها مزگەوتەکانی حاجی نەجیب و عەبدولقادر گەیلانی.

هەروەها تێکۆشەرانی حیزب لە مەریوان بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و رێزگرتن لە یادی شەهیدەکانیان نامەی تایبەت بە ۱۰ی خاکەلێوە کە لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبەوە ئامادە کرابوو، لە رێگەی جۆراوجۆرەوە گەیاندرایە دەست بنەماڵەی شەهیدان.

**سایین قەڵا:** لە شارستانی سایین قەڵای سەر بە ناوچەی هەوشاریش تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنی حیزب بە بڵاوکردنەوەی CD تایبەت بە شەهیدانی هەوشار چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد. بە پێی ئەم هەواڵە ئەندامانی حیزب شەوی ۲۷ لەسەر ۲۸ی خاکەلێوە سەدان نوسخە لە CD شەهیدانی ناوچەی هەوشاریان لە گەڕەکی کوشتارگا، شەقامی سەهەندو مەیدانی قیام بڵاوکردەوە.

**شارەکانی سنەو سەقز:** تێکۆشەرانی حیزب لە شارەکانی سنەو سەقز لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکانیاندا لە چەندین شوێن و گەڕەکی ئەو دوو شارە بە بڵاوکرانەوەی تراکتی حیزبی، رۆژمێری "کوردستان"، وێنەی رێبەرانی شەهیدو وێنەی شەهیدانی ساڵی رابردووی حیزب چالاکییان بەڕێوە برد. ئەم چالاکییە بووە هۆی خۆشحاڵی دانیشتوانی شارەکانی سنەو سەقز.

بەشێك لەو شوێنانە بریتین لە: سنە گەڕەکەکانی بەهاران، و هەروەها ئاوایی کەرجۆ

**سەقز:** گەڕەکەکانی بەردبڕان، کانی گەرمکاو، جووتیاران، کەریم ئاوا، حەماڵاوای سەرێ و خوارێ، تەپەی شافعی و شەقامی شاناز.

**مهاباد:** کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی راگەیاندین کە ئەندامانی حیزب لە شاری مهاباد بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمەکانی حیزب و وێنەی شەهیدان کاری تەبلیغیان لەم شوێنانە بەڕێوە بردووە: زەمینەکانی شارەداری، مەیدانی شۆڕش، پشت تەپ و کانی سۆفی رەشید. هەروەها تێکۆشەرانی حیزب لە مهاباد بە مەبەستی رێز گرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان پوستێری تایبەت بە رۆژی شەهیدانیان پێشکەش بە بەشێك لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان کرد.

# سەرکەوتنی DTP لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستاندا

ڕۆژی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ (٢٩ی مارسی ٢٠٠٩) هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە سەرانسەری تورکیەدا بەڕێوە چوو. پارتی کومەڵگەی دێموکراتی کە بە حیزبێکی کوردی ناسراوەو ئەحمەد تورك ڕێبەرایەتیی دەکا، وەك یەکێك لە چوار حیزبی گرنگی تورکیە لەو ململانەیەدا بەشدار بوو. لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی شارەوانییەکانی تورکیەدا، پارتی کومەڵگەی دێموکراتی توانی ٥,٧٪ دەنگەکانی سەرانسەری تورکیە بەدەست بێنێ و لە کوردستانیش لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەدا DTP ٥٩ شارەوانیی تازەی بەدەست هێنا. ئەم ژمارەیە لەگەڵ شارەوانییەکانی پێشووتردا دەگاتە ٩٩ شارەوانی. بەم جۆرە DTP توانیویەتی لە چەند پارێزگای کوردنشیندا دەسەڵاتی هەرێمی بەرێتەوە. ئەم پارێزگایانە بریتین لە:

دیاربەکر، باتمان، وان، هەکاری، شرناخ، ئیغدیرو دەرسیم.

هەروەها شارەوانیی کۆمەڵێك شار، شارۆچکە، شارەدێ و گەلێك موختاری گوندەکانی باکووری کوردستان کەوتوونە دەست DTP. بەم شێوەیە ناوچە کوردنشینەکان جارێکی دیکە بەرێژەیەکی بەرچاو متمانەی خۆیان بە DTP بەخشیوە.

**AKP لە کوردستان دووەم پارتە**

لەگەڵ سەرکەوتنی بەرچاوی DTP و پاشەکشەی ڕێژەیی پارتی دادوگەشەپێدان (AKP) هێشتا ئەم حیزبە لە ناوچە کوردنشینەکاندا پلەی دوویەمی بەدەست هێناوەو زۆر شارەوانیی گرنگی کوردستانی بردوونەوە. ناوچەکانی AKP بریتین لە:

ئاگری، ماردین، بتلیس، مووش، ئەرزڕوم، بینگول، ئەلازیغ و مەلاتیەو مەرعەش.

هەرچەند ئەم ناوچانە بە زۆری ناوچەی سنووری کورد ـ تورکن، بەڵام بەزۆری پارتی دادوگەشەپێدان سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێناون.




ئەمەش دەی سەلمێنێ کە هێشتا پارتی دادوگەشەپێدان لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەتوانێ متمانەی جەماوەریی خۆی بپارێزێ و ڕێژەیەك لە نوێنەرایەتیی ئەو ناوچەیەش بە ئەستۆوە بگرێ.

AKP لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٤ی شارەوانییەکاندا توانی ناوچەکانی قۆرغکراوی سیاسیی کلاسیك ببەزێنێ، و دزەبکاتە ناوچەکانی نفووزی پارتی کۆماری گەل CHP و هەروەها ناوچەکانی پاوانی DTP لە کوردستانیش ببەزێنێ.

AKP بەم جۆرە وەکوو پارتێکی سەرانسەری هاتە کایەوەو لە کوردستان گەلێك شارەوانیی بەدەست خستن.

لە هەڵبژاردنی پارلەمانیی ساڵی ٢٠٠٧یشدا AKP، لە کۆی ١٢٢ کورسیی ناوچە کوردنشینەکان ٧٥ کورسیی بردەوە، لە کاتێکدا DTP لە کۆی ٥٥٠ کورسیی پارلەمانی تورکیە تەنیا ٢٠ کورسیی بەدەست هێنا. AKP بە هۆی بەڵێنی چارەسەر کردنی پرسی کورد لە تورکیەو قبوولّ کرنی فرەکولتووری و فرەنەتەوەیی لە تورکیە متمانەی کوردەکانی بەدەست هێنا. وەك ئەحمەد تورك سەرۆکی DTP گوتی: " ئەم دەنگانە ئەمانەتی گەلی کورد بوون". بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە AKP سەرخۆشی سەرکەوتنەکانی پێشووی بوو و پێی وابوو دەتوانێ بە پشت گوێخستنی کەسایەتیی نەتەوەیی و تەنیا بە خستنەڕووی "خزمەتگوزاری" لە ناوچە کوردنشینەکاندا سەرکەوتن مسۆگەر بکا. کەچی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایە دەری خست کە پێداگرتنی ئەردۆغان لە سەر فۆرموولی "یەك دەوڵەت ـ یەك نەتەوە" ناتوانێ پرسەکانی تورکیە چارەسەر بکاو هەر کەسیش جەختی لە سەر بکاتەوە، تووشی ئەو دەرەنجامە دەبێ کە پارتە سیاسییە سەرانسەرییەکان لە باکووری کوردستان ڕووبەڕووی بوونەوە.

**ئۆباما بە ڕەسمی DTP قبوولّ دەکا**

وەك دەزانین ڕۆژی ٦ی ئاوریل و دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئۆباما سەرۆك کۆماری ئەمریکا سەردانی تورکیەی کرد. ناوبراو هاوتەریب لەگەڵ دیداری بەرپرسانی حکوومەتدا، لەگەڵ سەرانی ئۆپۆزیسیۆنیشدا کۆبۆوە. ناوبراو چاوی بە ئەحمەد تورك سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتی، دەنیز بایکاڵ سەرۆکی پارتی کۆماری گەل و دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزاڤی ڕەگەزپەرست کەوت.

دەکرێ بڵێین دانیشتنی ئۆباما لەگەڵ ئەحمەد تورك لە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی کورددا بوو. هەروەك دەکرێ بگوترێ کە ئۆباما بە قبوولّ کردنی ئەحمەد تورك بە شێوەی فەرمی دانی بە بوونی سیاسیی کورد لە تورکیە دانا. ئۆباما لە دانیشتنەکەیدا داوای لە ئەحمەد تورك کرد کە کورد داخوازەکانی خۆی بە زمانی چەك نەخاتە ڕوو. سەرچاوەکان دەڵێن ئۆباما باسی لەوە کردوە چەندی کورد لە ڕێگەی دێموکراسییەوە داخوازەکانی بخاتە ڕوو، وڵاتەکەی ئەوەندە پشتیوانییان لێ دەکا. چاوەدێران پێیان وایە ئۆباما بە قبووڵکردنی ئەحمەد تورك و بە دوژمن لەقەڵەمدانی pkk دەیەوێ باڵە سیاسییەکەی بزووتنەوەی کوردی باکوور بە فەرمی بناسێ و بەگژ باڵە سەربازییەکەیدا بچێتەوە.

**هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و کۆنفرانسی هەولێر**

لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا کوردەکانی باکووری کوردستان سەرکەوتنێکی باشیان وەدەست هێنا. ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ئەو کۆنفرانسە کە قەرارە لە هەولێر پێك بهێنرێ. تورکەکان لەو بڕوایەدا بوون کە AKP زۆربەی شارەوانییەکانی کوردستان دەباتەوە، بۆیە ئەگەر ئەم ئەنجامە دەرکەوتایە ئەوا کارتەکانیان بۆ خۆ گێل کردن لە داخوازەکانی کوردو تەنانەت بۆ سەرکوتکردنیشیان

زیاتر دەبوو، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردن جارێکی دیکە ڕەوایی دۆزی کوردو پێ داگرتن لە سەر کەسایەتیی کوردی سەلماندەوەو ئەمەش هیوا بە سەرکەوتنی یەکجارەکیی کورد لە باکووری کوردستان بەهێز دەکا.

ئێمە لە دڵەوە ئافەرین بۆ وشیاریی سیاسیی کۆمەڵانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان دەنێرین کە لە ڕێگەیەکی دێموکراتیکەوە توانیان کەسایەتی و داخوازە نەتەوەییەکانیان بە دەوڵەتی تورکیەو هاوپەیمانەکانی نیشان بدەن. پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەیان لێ دەکەین و ئاواتەخوازین ڕۆژ بە ڕۆژ لەو خەباتە سیاسی و دێموکراتیکەدا بەرەوپێش بچن و بە چەسپاندنی پلە بە پلەی مافە نەتەوایەتییەکانیان ئەزموونێکی بەنرخ بدەنە دەستی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و دەوڵەتانی حاکم بە سەر ئەو بەشانەشدا.

**دەکرێ بڵێین دانیشتنی ئۆباما لەگەڵ ئەحمەد تورك لە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی کورددا بوو. هەروەك دەکرێ بگوترێ کە ئۆباما بە قبوولّ کردنی ئەحمەد تورك بە شێوەی فەرمی دانی بە بوونی سیاسیی کورد لە تورکیە دانا**

---

درێژەی بەرلە ماڵاوایی:

## چوار ساڵی سەخت بۆ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان

هیچ ڕۆژێك نیە پەیامنێرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ چەندین نموونە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەقاو نەدەن و خەڵکی کوردستان و، بیروڕای گشتی و میدیاکانی لێ ئاگادار نەکەن. شانازیی ئەو ڕێکخراوە هەر لەوەدا نیە کە لە داهێنانی کولتووری کاری ڕێکخراوەیی و بە کۆمەڵ لە پێناوی مافی مرۆڤدا، لە کوردستان ڕەچەشکێن بووە، بەڵکوو لەوەش دایە کە بە گیرانی سەرۆك و بەڕێوەبەران و پەیامنێرانی، کارو تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی ڕێکخراو ناوەستێ و، کۆمەڵێکی دیکە لە چالاکانی سەر بەو ڕێکخراوە دێنە مەیدان و ڕەساڵەتی خۆیان درێژە دەدەن. سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، کە لە پووشپەڕی ١٣٨٧ەوە گیراوەو یازدە ساڵ زیندانی دراوەتێ، بۆ خۆی نموونەیەکی زۆر بەرز لە فیداکاری لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی خۆی و ڕێکخراوەکەی دایە. چونکە سەرەڕای نەخۆشکەوتنی لە زینداندا و هەموو هەڕەشەو فشارێك، نەك هەر لە بەرانبەر ویستی دەسەڵاتداراندا کۆڵی نەداوە، بەڵکوو لە بەندیخانەشەوە، لە ئەرکەکانی غافڵ نیەو بە نامەو پەیامەکانی، بەردەوام دەستدرێژیی دەسەڵاتداران و دەزگای قەزایی و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مافەکانی هاونیشتمانانی لەقاو داوە.

بنیات و دامەزراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا، چەندجار ڕێزیان لە تێکۆشانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان ناوە کە دوا نموونەیان بەخشینی خەڵاتی بنیادی "بریتیش پرێس ئێوارد" لە ٣١ی مارسی ئەمساڵدا بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بوو. با لە سەرەتای پێنجەمین ساڵی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەدا، هەمووی ئێمە وەك تاکێك لە کۆمەڵی کوردستان و نەتەوەی کوردو، وەك ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان خەبات دەکەین، ڕێز لەو ڕێکخراوەو تێکۆشەرانی بگرین و پشتیوانی لە هەوڵە بەنرخەکانیان بکەین بە ئەرکی هەمیشەیی خۆمان.

ئەم نووسینەم بە چەند ڕستەیەك لە پەیامی کەبوودوەند بە بۆنەی چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی RMMK، کۆتایی پێ دێنم: "هیوادارم ئەمساڵ بکەینە ساڵی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ساڵی بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی مافی مرۆڤی، خەڵکی کوردستان و ساڵی بە جیهانیکردنی تێکۆشانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا...".

پیرۆز بێ تێپەڕکردنی سەربەرزانەی ساڵێکی دیکە لە تێکۆشان لە پێناوی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکاندا.

بە هیوای ئازادیی کەبوودوەندو تێکڕای تێکۆشەرانی بەندکراوی بواری مافی مرۆڤ

بە ئاواتی پەرەگرتنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی خەبات لە پێناو مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانداو سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە.

# بەرەو هەڵوێستێکی یەکگرتووانەی کوردستانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا

سمایل شەرەفی

دوای کشانەوەی سەید محەمەد خاتەمی، سەرۆکۆماری پێشووی ئێران لە کاندیدابوون بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئەم دەورەیە، فەزای تایبەت بە هەڵبژاردنەکان شۆکێکی گەورەی وێکەوت و بەتایبەت بۆ بەرەی بەناو ڕێفۆرمخواز کە خەریکبوون خۆیان ڕێك دەخست زۆر بە گران تەواو بوو.

ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە لێکدانەوەو پێش بینییەکان پێش ئەوەی بخرێنە سەر کاغەزو لە ڕاگەیەنەکان دا بڵاوببنەوە هەڵوەشێنەوەو بەگشتی فەزاکە سەرلەنوێ بێدەنگییەکی ڕەها بە سەری دا زاڵ بوو.

خاتەمی دوای ئەوەی کشانەوەی خۆی لە کاندیدابوون بۆ پۆستی سەرکۆماری ڕایگەیاند بە دەربڕینی پشتیوانیی خۆی لە میر حوسێنی موسەوی تا ڕادەیەك یارمەتیی بە لایەنگرانی خۆی و ڕێفورمخوازان کرد کە زووتر خۆیان لە سەرلێشێواوی ڕزگار بکەن و بڕیاری خۆیان بدەن. ئەوەیش نەك لە سەر کۆبوونەوە لە دەوری موسەوی، بەڵکو ساغبوونەوە لە سەر ئەوەیکە بێ خاتەمیش بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دا بکەن.

لە لایەکی دیکەوە قۆڵی دەسەڵاتداری ڕێژیم تا ئێستا جیا موسەوی جیا لەوەیکە زیاتر لە ٢٠ ساڵە دوور لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردان کاری کردوەو تارادەیەك بۆ بەرەی نوێ ناکرێ بە نوێنەری خەڵکی ئێران و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەم وڵاتەیان لە قەڵەم بدەین. بۆیە بێگومان دەتوانین بڵێین هەروەك



لە مەحمود ئەحمەدی نژاد ــ ئەویش نەك بە شێوەی ڕەسمی ـ وەك کاندیدای خۆیان چاویان لە کەس نەبڕیوەو بە پێی لێکدانەوەی خۆیان نایانەوێ پڕوپاگەندەی پێشوەخت دەست پێ بکەن.

ئەوەی تا ئیستا لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژادنەکانی ئەم دەورەیە لە هەڵبژادنەکانی سەرۆکۆماریدا قسە و باسی لە سەر کراوە چۆنیەتی خۆپێناسە کردن و دەرکەوتنی ڕێفۆرمخوازانە کە بە بوونی مێهدی کەڕوبی و پێداگری لە سەر مانەوەی لە گۆڕەپانەکەدا بە جۆرێك یەکریزی و یەکهەڵوێستیی ڕێکخراو و لایەنە ڕێفۆرمخوازەکانی خستۆتە مەترسییەوە.

بە هۆیە ئەویکە خاتەمی داوای لە ڕێفۆرمخوازان و لایەنگرانی خۆی کردوە لە دەوری موسەوی کۆبوونەوە و هەروەها ڕاگەیاندنی پشتیوانیی چەند لایەنێکی وەك "کارگوزارانی سازەندەگی" و "ڕێکخراوی موجاهدینی ئینقلابی ئیسلامی" و چەند کۆڕو لایەنی دیکە، وێدەچێ میرحوسێن موسەوی توانیبێتی تا ڕادەیەك وەك دیارترین کاندیدای پۆستی سەرکۆماری دەرکەوێ. بەڵام ئەم دەرکەوتنە وێناچێ ساغبوونەوەیەکی ڕەهای لە پشت بێ.

نەناسراوە، تا ئێستا نەیتوانیوە ـ بە پێچەوانەی خاتەمی ـ بە ئاخێوێکی نوێ و تایبەتەوە بێتە مەیدان و جیا لە هێندێك دروشمی وەك "هەڵگرتنی گەشتەکانی ئێرشاد" و باسکردن لە گۆڕینی سیاسەتی دەرەکی، ئەویش بە شێوەی ناڕوون، شتێکی کۆنکرێتی ئەوتۆو ڕوونی وەك بەرنامەی کار باس نەکردوە کە بتوانێ سەرنجی ئاڵوگۆڕخوازان و بژاردەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بە شێوەیەك کە هێندێك لە لایەنگرانی خاتەمی بە گومانەوە دەڕواننە ڕێفۆرمخوازبوونی موسەوی و پێیان وایە خاوەنی "گوتار" ێکی کۆنسێرڤاتە.

داوای هێندێك لە ڕێفۆرمخوازان لە عەبدوڵڵا نووری بۆ ئەوەی خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماری کاندیدا بکا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە موسەوی ناتوانێ ببێتە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە دەوری یەکتری. ئەوەش تا ڕادەیەك دووره دیمەنی هەڵبژاردنەکانی ئەم دورەیەشی لێڵ و ئاڵۆزتر کردوە.

بەڵام هەمووی ئەمانەی باسکران ڕیزبەندی و لێکدانەوەی هەڵوێستی توێژێك لە خەڵکی کۆمەڵگەی ئێران بوون کە بە هۆی نەبوونی حیزب و ڕێکخراوی ئازاد، دەورەکانی پێشوو لەم قۆناغەش لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا خەڵك هیچ ڕۆڵێکی پێ نەدراوەو لە قۆناغی دوایش دا کە بە قۆناغی "تەئید سەلاحییەتی کاندیداکان" ناسراوە، ئەوە شورای نیگابانە کە دیاریی دەکا کێ لە مەیدانەکەدا بمێنێتەوەو بە خەڵك ڕادەسپێری کە لە نێو ئەم چەند کەسەدا کە ئێمە ـ نەك ئێوە ـ دیاریمان کردوە دەتوانن یەکیان هەڵبژێرن.

کۆی ئەم هۆکارانەش بۆنەتە هۆی ئەوە کە تا ئێستا هەڵوێستی خەڵکی ئێران بە گشتی بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانەوە ناڕوون بێ و لەم بارەیەوە بێ مەیلییەکی زۆر بە سەریان دا زاڵ بێ.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و جۆری ڕوانینی کوردەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژادن لە ئێران دا دەبێ بڵێین کە کوردستان هەمیشە لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران هەڵوێست و ڕوانگەی جیاوازو تایبەت بە خۆی هەبووەو هەیە. خەڵکی کوردستان وەك نەتەوەیەکی بەشخوراو و ژێردەست هەمیشە ئەو مافەی بە خۆی داوە کە لە ڕوانگەی "شوناسخوازییەوە" لە ڕووداو و مەسەلەکانی دەوروبەری بڕوانێ و بە قازانجی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان و شوناسەکەی هەڵوێست بگرێ. بۆیە لە زۆربەی هەڵبژاردنەکان دا کە باسێك لە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانی نەهاتۆتە گۆڕی بە هەر شێوەیەك کە بۆی لوابێ "نا" ی بە دەسەڵاتی داسەپێنەر گوتوەو لە ژێر ڕووناکایی ئەم مەنتقە سیاسییەدا خەباتی دەیان ساڵەی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران گرتۆتە پێش و بە ڕێنمایی وەرگرتن لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی خۆی لە مەجالی جۆراوجۆردا لێبڕاوانە هەڵوێستی گرتووە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری دا ـ هەرچەند تا ئێستا هیچ کام لە کاندیدا دیارەکانی ئەم پۆستە لە بەنامەکانیان دا شتێکیان بە قازانجی مەسەلەی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی "ئێران" نەکردوە ـ ئەمجارەیان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵیان ئەوەیە کە بە وردبینی زیاترەوە لێی بڕوانن و لەگەڵ خوێندنەوەی هەلومەرجەکەدا بە "قورسایی زیاترەوە" هەڵوێست بگرن. هەر بۆیە تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە لە ژێر چاودێری و خوێندنەوە دایەو هەڵوێستی یەکلاییکەرەوە لە حیزبە کان و تەنانەت وردە تەیفە کوردییەکانی نێوخۆی وڵاتیش بە چاو ناکەوێ.

بەڵام ئەوەی دەکرێ لێرەدا هەڵوەستەی لە سەر بکەین و دەکرێ وەك جیاوازی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووی هەڵبژاردنەکان سەیری بکەین جۆری ڕوانینی کوردەکانە بۆ ئەم جۆرە مەجالانە. "هەڵوێستی چالاکانە" بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و یەك لەوان هەڵبژاردنەکان، خوێندنەوەیەکی مەنتقییە کە لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بە نیسبەت ئەم قۆناغە لە خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتۆتە گۆڕێ.

ئەم جۆرە لە مەنتقی سیاسی لانیکەم لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا چەند دەسکەوتێکی سیاسیی بەرچاوی لێ کەوتۆتەوە کە دەکرێ بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین: دانیشتن و دیالۆگی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان بە مەبەستی گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش لەسەر پرسە گرینگەکان، هاندانی ناڕاستەوخۆی وردە تەیفەکانی نێوخۆی کوردستان بۆ فورموولەکردنی داخوازییەکانیان لە چوارچێوەی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان داو دانوستان لەگەڵ هێندیك لەکاندیداکان و لە هەمووی گرینگتر پەرەپێدان بە گوتاری سیاسی ـ مەدەنی لە نێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ژنان، خوێندکاران و چالاکانی مەدەنی دا.

دوا وتە:

بە پێی ئەوە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکان (٢٢ی جۆزەردان) نزیك دەبینەوە و بە تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرۆسەی ڕێکخستن و سازماندانی خەڵك ـ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ـ زۆر بە خێرایی ناچێتە پێش، پێویستە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، ڕەوتەکانی نێوخۆی وڵات و بژاردەکانی کۆمەڵگە خێراتر هەڵوێستی یەکگرتووانەی خۆیان دەربڕن و بە دانیشتن و پێوەندی گرتن لەگەڵ یەکتری و ساغبوونەوە لە سەر هەڵوێستێکی هاوبەش ("بە بەشداریکردن یان هەڵبژاردنی سیاسەتی بایکۆت") نیشان بدەن کە خەڵکی کوردستان دەتوانن یەکگرتووانە ئیرادەی نەتەوەییان بخەنەڕوو.

**خەڵکی کوردستان وەك نەتەوەیەکی بەشخوراو و ژێردەست هەمیشە ئەو مافەی بە خۆی داوە کە لە ڕوانگەی "شوناسخوازییەوە" لە ڕووداو و مەسەلەکانی دەوروبەری بڕوانێ و بە قازانجی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان و شوناسەکەی هەڵوێست بگرێ**

**"هەڵوێستی چالاکانە" بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و یەك لەوان هەڵبژاردنەکان، خوێندنەوەیەکی مەنتقییە کە لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بە نیسبەت ئەم قۆناغە لە خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتۆتە گۆڕێ.**

# رۆژنامەنووسی و بزووتنەوەی سیاسی دوو باڵی ناسیۆنالیزمی کورد

مستەفا مەعرووفی

(بۆ پێشوازی لە ١١١یەمین ساڵی رۆژنامەنووسیی کوردی)

رۆژی ٢٢ی ئاوریل ( ٢ی بانەمەڕ) وەك رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی دیاری کراوە. لەو رۆژە دا ساڵی ١٨٩٨ی زایینی، یەکەم رۆژنامە بە زمانی کوردی بە ناوی "کردستان" لە قاهیرە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخان نەوەی بەدرخان پاشاوە لە بنەماڵەی بەناوبانگو رووناکبیری کورد لە باکووری کوردستان دەرچوو.

"کردستان" لە دەرەوەی کوردستان، لەپێش دا لە قاهیرە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە پاشان لە ژنێف، دیسان لە قاهیرە، ئینجا لە لەندەن، دواتر لە فۆلکستۆن، دیسان لە ژنێفو ئاخیر جارلە قاهیرە لە لایەن عەبدولرەحمان بەدر خان برای میقداد میدحەت بەدرخانەوە تا ساڵی ١٩٠٢، ٣١ ژمارەی لێ دەرچوو.

رۆژی ٢٢ی ئاوریل سەرەتایەکی یەکجار گرنگ لە گۆورانی بیری نەتەوەیی‌و هەنگاوێکی مەزنو قۆناغێکی نوێ لە گەشە کردنی فەرهەنگو رووناکبیریی کوردە. یەکەم رۆژنامەی کوردی بە ناوی نەتەوەو نیشتمانی کورد دەرچوو کە هەڵگری بیری نەتەوەیی‌و رزگاریخوازانەی کوردە. ئەمڕۆ لە ١١١یەمین ساڵی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا بە هۆی رۆڵو کاریگەریی بەرچاوی رۆژنامە لە ژیانی سیاسی‌و رۆژانەی خەڵك دا، زیاتر لە هەرکات گرنگیی رۆژنامەنووسیی کوردی‌و یەکەم هەنگاو بۆ دەست پێکردنی رۆژنامەنووسیمان بۆ دەردەکەوێ. گومانی تێدا نیە تا زیاتر لەو تاریخە دوور دەکەوینەوە گرنگیی ئەم کارە زیاتر خۆی دەردەخا.

دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لەو هەنگاوە سەرەتایانە بوو کە دەرفەتو ئیمکانی ئەوەی پێك هێنا فەرهەنگو بیرو ئەندێشەی کورد بنووسرێو تۆمار بکرێو بمێنێتەوەو هەر لەسەر زمانانو لە زەینی تاکەکەسەکان دا نەبێ تا بە تێپەڕینی کات لە نێو بچێ.

بە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی قۆناغێکی گرنگ لە زمانی نووسین، زمانی ئەدەبی یان هەر ناوێکی دیکە دەستی پێکرد. ئەوە لە نرخو بایەخی رۆژنامەی "کوردستان"ی بەدرخانییەکان کەم ناکاتەوە کە ئەم مەسەلەیە چەند چووەتە پێش، زۆر یان کەم، بەڵام زمان وەك گرنگترین تایبەتمەندیی نەتەوە کە هاتە سەر نووسین و هەر لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی شیفاهی دا نەمایەوە، لە مەترسیی دابەشبوونو لە نیوچوونو ئاسیمیلە بوون لەژێر کاریگەریی زمانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان رزگار دەبێ.

هەرچەند بەداخەوە "کردستان" لە دووسێ ساڵ زیاترو زیاتر لە ٣١ ژمارەی لێ دەرنەچوو، بەڵام گرنگیی ئەم کارە لەوە دابوو کە رەچەشکێن بوو، بوو بە بناخە بۆ هەموو ئەو کارە رۆژنامەنووسیانەی دواتر کران.

ئەوە گرنگە کە وشیاریی نەتەوەیی‌و گۆورانی بیری ناسیۆنالیزمی کورد بە رۆژنامەو لە رێگەی کاری فەرهەنگی‌و مەدەنی-یەوە دەست پێ دەکا. هەر ئەو کەسایەتی‌و کۆڕو کۆمەڵە کوردیانە بوون کە لە درێژەی کارە فەرهەنگییەکانیان دا یەکەم رێکخراوو پاشان یەکەم حیزبە کوردییەکانیان دامەزراند.

یەکەم رێکخراوی کوردی کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە لایەن کۆمەڵێك بژاردەی کوردەوە دامەزرا (جمعیت تعالی‌و ترقی کرد) ئەمین عالی، لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان تێی دا بەشدار بوو. هەر ئەو بنەماڵە رووناکبیرەی کورد لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای کوردستانیش دا گەرای رۆژنامەنووسیی کوردییان داڕشت، میر عەبدولرەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩٠٨دا یەکەم رۆژنامەی کوردیی بە ناوی "کوردستان" لە شاری ورمێ بڵاو کرۆتەوە. گۆڤاری "هاوار" یەکەم چاپەمەنیی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن میر جەلادەت ئالی بەدرخانەوە دەرچووە.

بەدوای ئەم هەوڵانە دایە کە رۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکەی کوردی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان دا چاپو بڵاو دەبنەوەو بژاردەو رووناکبیرانو خوێندەوارانی کورد لە دەوری خۆیان کۆ دەکاتەوە. هەر ئەم هەوڵانەش بوونە سەرەتای بیری سیاسی‌و ئازادیخوازانەی کوردو دامەزراندنی حیزبو رێکخراوی کوردی بە شێوەی مۆدێڕن لە قۆناغەکانی دواتر دا. دەکرێ رۆژنامەنووسیی کوردی وەك لایەنی نەزەری‌و تیئۆریی ناسیۆنالیزمی کوردو دامەزرانی حیزبو رێکخراوە کوردییەکان وەك لایەنی پراکتیزە کردنی ناسیۆنالیزمی کوردی‌و هەوڵدان بۆ بەدەستەوە گرتنی ئیرادەی نەتەوەیی سەیر بکەین.

دەتوانین رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی وەك سەرەتایەكو زەمینەیەك بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد چاو لێبکەین، بەڵام بە هۆی باردۆخێك کە کورد تێی دا دەژی‌و بە هۆی دابەشبوونی بەسەر چوار وڵات دا رۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ بەرهەڵستی‌و دژایەتیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا بەرەوڕوو بوو. یەکەم رۆژنامەی کوردی لەگەڵ ئەم سەرکوتە بەرەوڕوو بوو. هەر بۆیەش لە دوورە وڵاتی‌داو بە چەند جار جێگۆڕکێ ئەو ٣١ ژمارەیەی لێ دەرچووو سەرەنجام راوەستا. رۆژنامە نووسیی کوردی ئەگەر دواتر لەلایەن بزووتنەوەی کورد یان لە پەنا بزووتنەوەی کوردو حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی کورد دا نەبووایە ئیمکانی ئیدامەکاری ـ لانی کەم لە کوردستان داـ ی نەدەبوو.

لە مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردوو دا لەو قۆناغانە دا کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە گەشەسەندن دایە، بەهێزە یان دەسەڵاتی بەدەستە، رۆژنامەنووسیی کوردییش لە گەشەسەندن دایە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تەقریبەن هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی رۆژنامەیەك یان چەند رۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردیی لەگەڵەو لەو رۆژنامانە دا کۆمەڵێك قەڵەم بەدەستی پێشەنگو بە توانا دیارن. لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست لە بزووتنەوەی سمکۆ دا رۆژنامەی "کورد"بڵاو بۆتەوەو زانایەکی وەك مەلا محەممەدی تورجانی زادە مودیری بووەو نووسینی تێدا بڵاو کردۆتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی شێخ مەحموودی نەمر دا کە هاوکاتە لەگەڵ بزووتنەوەی سمکۆ چەند رۆژنامەی کوردی چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەم رەوتە لە دوای خۆشی دا بەردەوام بوو و لە سەردەمی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ ـ ك کەسانی وەك زەبیحی‌و ماموستا هەژار لە گۆڤاری "نیشتمان" دا کاریان کرد.

بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی)داو بە دوای ئەویش دا کۆماری کوردستان، سەردەمێکی زێڕین لە رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی دەست پێ دەکا. چەند گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردی چاپو بڵاو بوونەوەو چەندین نووسەرو رووناکبیر لە رۆژهەڵاتو باشووری کوردستان کاریان تێدا کرد. پاش رووخانی کۆماریش هێزە سیاسییەکانی کورد چ بە نهێنی چ لە حاڵی شۆڕشو خەبات دا چەندین بڵاوکراوەی کوردیان چ لە کوردستان چ لە دەرەوەی کوردستان چاپو بڵاو کردەوە. لە دەیەی ٩٠ی سەدەی رابردووەوە لە باشووری کوردستان لە سایەی دەسەڵاتی کوردی‌و حکومەتی هەرێم دا بە سەدان رۆژنامە، گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی چاپ و بڵاو دەبنەوە.

ئەگەر رادیۆو تەلەڤزیۆنەکانو سایتە ئینتەرنێتییەکان وەك رۆژنامەنووسیی بواری دەنگو دیمەن وەبەرچاو بگرین، لەگەڵ رێژەیەك بەرەو روو دەبین کە تەنیا لە نێو میللەتانی سەربەخۆو خاوەن دەوڵەت دا بەدی دەکرێ.

رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی بەرادەیەك جیدی‌و حاشا هەڵنەگرە کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا بێ ئەوەی مەبەستیان خزمەت بە زمانو فەرهەنگی کورد بێ، بۆ گەیشتن بە هێندێك ئامانجو مەبەستی خۆیان پەنایان بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی بردوەو کەڵکیان لێ وەرگرتوە. تەنانەت هێندێك جار ئیزنیان بە بڵاوکراوەی کوردییش داوە لە چوارچێوەیەکی تەسك دا کار بکەن بەمەرجێك خۆ لەو مەسەلە سیاسیانە نەدەن پێی تووڕەن. تەواوی ئەو بڵاوکراوە کوردیانەی لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانو یان لە لایەن ئەنجومەن یان کەسانی سەربەخۆوە چاپو بڵاو دەبنەوە دەسکەوتێکن بۆ کورد کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی کورد بە هەموو هێزو لایەنەکانییەوە. بوونی بزووتنەوەی کوردو رۆژنامەنووسیی کوردییە کە دەوڵەتانو تەنانەت نەیارانی کوردیشی کێشاوەتە ئەو مەیدانەوە ، یان بوارێکی هەرچەند بەرتەسکیش بێ، بە رۆژنامەنووسیی کوردی دراوە.

رۆژنامە نووسیی کورد دوای ١١١ ساڵ لە دەست پێکرانی، بەهۆی نەبوونی حکومەتی سەربەخۆی کوردی لە لایەكو نەبوونی ئازادی لەو وڵاتانە دا کە کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە لە لایەکی دیکە، جارێ نەبۆتە رۆژنامەنووسییەکی ئازاد بە مانای واقعیی خۆی. جگە لەوەش رۆژنامەنووسیی کوردی هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغێك کە پێڕەوی لە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو یان زمانێکی هاوبەشی نووسین و تەنانەت خەتێکی هاوبەشی نووسینیش بکا. هەرچەند ئەو قۆناغە پێشکەوتووو پێگەیشتوویە لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەدی دەکرێ بەڵام بەداخەوە رێگەیەکی درێژی لەپێشە.

---

درێژەی:

## با رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی بکەینە رۆژی هاوپێوەندیی رۆژنامەنووسانی هەموو پارچەکانی کوردستان

لە باشووری کوردستان جگە لە سەدان بڵاوکراوە و رۆژنامە، بە سەدان سایت و بڵاوکراوەی ئێلکترۆنی ئەرکی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی جێبەجێ دەکەن. لە باکووری کوردستان بزاڤی نەتەوەیی بە هۆی ئەویشەوە رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی کوردی پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە دیوە. جگە لە راگەیانە کوردییەکانی تاراوگە، دەسەڵاتی تورکیە لەم دواییانەدا ناچاربووە هێندێك دەرەتان بە رۆژنامەنووسی و راگەیاندن بە زمانی کوردی بدا. لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێجگە لەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەی لە تاراوگە چاپ دەکرێن، رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی نێوخۆی وڵات سەرەڕای سەرکوت و سانسۆری توند لە هەر هەل و دەرفەتێك بۆ پەرەپێدان بە رۆژنامەنووسی و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کەلکیان وەرگرتوە و لە پەنا ئەمەش دا روویان کردۆتە راگەیاندنی ئەلێکلترۆنی. رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەش بە هۆی چەند کاناڵی تلویزیۆنی و سەدان سایت و وێبلاگەوە سەرەڕای کۆسپ و فیلتێرەکانی رێژیمی ئیسلامی، لە بواری راگەیاندنی کوردی دا چالاکن.

لە رۆژئاوای کوردستان بەداخەوە بە هۆی قورسایی سیستمی سەرکوتی رێژیمی سووریە هیچ دەرەتانێك بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی نیە، بۆیە رۆژنامەنووسانی ئەم بەشەی کوردستان تەنیا لە تاراوگە و لە رێگەی تۆڕی ئینتێرنێتەوە درێژە بە کاری رۆژنامەنووسی دەدەن.

رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی هەروەها دەرفەتێکە بۆ پێداچوونەوەو خستنەڕووی کەموکوڕییەکانی رۆژنامەنووسی و بەگشتی راگەیاندنی کوردی. هەرچەند ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام بەکورتی هێندێك لایەنی دەخەینە ڕوو:

**نەبوونی هاوپێوەندیی لە نێوان رۆژنامەنووسانی پارچەکانی کوردستان دا:**

هەرچەند بەداخەوە دابەشبوونی کوردستان راستییەکی سیاسییە، بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی لێکدابڕانی فەرهەنگیی نێوان رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی کۆمەڵگەی کورد لە بەشەکانی کوردستان دا. چونکە ئەگەر ئەم راستییە سیاسییەش بکەینە بنەما کە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان " پرسێکی پێکەوە گرێدراوە و گۆڕانکاری لە پارچەیەکی کوردستان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کارتێکەری لەسەر بەشەکانی دیکە دادەنێ، ئەوکاتە زیاتر هەست بە پێویستیی هاوپێوەندی لە نێوان رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی کورد و بەگشتی کۆمەڵگەی کورد لە پارچەکانی کوردستان دا دەکەین. دیارە لەم نێوەدا چاوەڕوانیی زۆرتر رووبەڕووی رۆژنامەنووسانی هەرێمی باشووری کوردستان دەبێتەوە کە لەودا بوونی دەسەڵاتی کوردی بوار و هەلی باشی بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی رەخساندوە. بۆیە دەکرێ بڵێین لەوان چاوەڕوان دەکرێ ببنە ناوەندی دروست کردنی هاوپێوەندییەکی لەم چەشنە.

**گەشەنەکردنی رۆژنامەنووسیی سەربەخۆ و پرۆفیشناڵ:**

بەداخەوە رۆژنامەنووسیی کوردی بەهۆی نەبوونی دەسەڵات و حکومەتی کوردی بێجگە لە باشووری کوردستان (ئەویش بە دەڵەمەیی) هێشتا نەیتوانیوە سەربەخۆیی هەبێ و بەدوور لە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکان ئەرکی گەیاندنی زانیاری بە تاکەکانی کورد جێبەجێ بکا. جگە لەمە تا ئێستا و سەرەڕای ئەوەی لە باشووری کوردستان دەسترۆیشتوویی و ئیمکاناتی زۆر هەیە رۆژنامەنووسیی پرۆفیشناڵ گەشەی نەکردوە و گرنگیی پێویست بە پەروەردەی رۆژنامەنووسی نەدراوە.

**نووسین بە زاراوەو ئەلفوبێ و رێنووسی جیاواز:**

بەداخەوە رۆژنامەنووسیی کوردی هەم لە ژێر کاریگەریی شوێنەوارەکانی سەرکوتی دەیان ساڵەو سیستماتیك و دژواریی هەلومەرجی ژیان و تێکۆشانی رۆژنامەنووسانی کورد و هەم لەبەر کەمتەرخەمی و مشوورنەخواردن لە پێوەندی لەگەڵ زمانی ستاندارد دا کەموکوڕیی زۆری پێوە دیارە. بەکارهێنانی ئەلفوبێ و زاراوەو رێنووسی جۆراوجۆر زیانی هەم لە رۆژنامەنووسی و هەمیش لە پرۆسەی دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی داوە.

**جێگیرنەبوونی پرنسیپەکانی رۆژنامەنووسی:**

رۆژنامەنووسیی کوردی لە بواری پاراستنی پرنسیپە جیهانییەکانی کاری رۆژنامەنووسییشن دا کەموکوڕیی زۆری پێوەدیارە. ئەم کەموکووڕییە هەم لە بڵاوکراوە کاغەزییەکان داو هەمیش بەتایبەتی لە بڵاوکراوە ئەلێکلترۆنییەکان دا بە زەقی بەدی دەکرێ.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێین لەم یادەدا وێڕای رێزگرتن لە هەوڵ و ماندووبوونی رۆژنامەنووسانی کوردو پیرۆزبایی کردنی ئەم رۆژە لێیان، بۆ جارێکی دیکەش لە سەر پێویستیی هاوپێوەندیی زیاترو پتەوتر لە نێوان رۆژنامەنووسان و راگەیەنکارانی کورد لە هەر جێیەکە پێدادەگرینەوە. لەم بۆنەیەدا بەتایبەتی سڵاو بۆ خۆراگریی رۆژنامەنووسانی بەندکراوی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، دەنێرین و لە کۆروکۆمەڵ و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتی داواکارین، گوشار بخەنە سەر ئەو رێژیمە، بۆ ئەوەی حوکمی زاڵمانە لە دژی رۆژنامەنووسانی کورد هەڵ وەشێنێتەوە و ئازادیان بکا.

**شکۆدار بێ بیرەوەریی**

**دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی**

**کومیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# بەدخوازانی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری شەڕی نەغەدەیان سەپاند

ئاماژە:

یەکێك لە رووداوە گرینگەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان شەڕی نەغەدەیە. رۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ پاش ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری نەغەدە دووەمین میتینگی خۆی بەست دەستی پێکرد. هەر لە سەرەتاکانی ئەم میتینگەوە کە هێشتا دوکتور قاسملوو رەستە سەرەتاییەکانی وتارەکەی پێشکەش نەکردبوو تەقە دەستی پێ‌کردو میتینگەکە تێك درا. ئێستا کە سی ساڵ بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەڕ دەبێ، زۆر بابەت هەیە کە بخرێنە بەر باس و لەم راڤە بکرێن.

لەم بارەیەوە وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێك هێناوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی.

ئامادە کردن: "کوردستان"



**کوردستان: سەرەتا پێمان خۆشە لە زمانی جەنابتەوە ببیسین کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی نەغەدە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بەخێر بێن بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دیارە دەبێ پیاو بەداخ و کەسەرەوە باسی رووداوی شەڕی نەغەدە بکا. ئەوە شەرێك بوو کە بەدخوازانی هەردوو نەتەوەی کوردو ئازەربایجانی توانیان بە سەریان دا بسەپێنن. هۆکارەکەی - ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی باسی بکەین - دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ئەسڵە کە مخالفانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان قەت حەزیان لە تەبایی ئەو دوو نەتەوەیە نەکردوەو هەمیشە هەوڵیان داوە حەساسییەت لە نێوان رۆڵەکانی ئەو دوو نەتەوەیە لەو شارەدا دروست بکەن. مێتینگێك کە لەو شارە دا گیرا ئەگەر لە خوێن وەرنەدرابایە دەی‌توانی سەرەتایەك بێ بۆ پێکەوە ژیانی برایانەو هاوخەباتی لە نێو ئەو دوو نەتەوەیەداو بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە سەر نەگرێ و سەر نەکەوێ، ئەوانە ئەو پیلانەیان گێراو ئەو شەرە خوێناوییەیان بەرپاکرد.

**کوردستان: باس لەوە دەکرێ کۆمەڵێك تاقم و لایەنی سەر بە رێژیم دەستیان هەبووە لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا راتان لەو پێوەندییە دا چییە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەو ناوانەی هاتنە نێو باسەکەو کاریگەرییشیان هەبوو، ناوێکی ناسراو بوون. وەك ئینسانی خۆفرۆشی حیرفەیی لە زەمانی شاش دا توانیبوویان خۆیان لەگەڵ دەوڵەت و خواستەکانی دەوڵەت بگونجێنن و لە زەمانی جەمهوریی ئیسلامییش دا توانیبوویان خۆیان بگونجێنن. ئەوانەی ناویان دەبردرا دوو عونسوری ناسراو بوون بە ناوەکانی مەعبوودی و قەتاری، بەڵام لە عەینی حاڵ دا لە لایەن کاربەدەستانی هەورازتریشەوە لە نێو رێژیمی جمهووریی ئیسلامیدا پشتیوانییان لێ دەکرا. ئەوانە بوون کە ئەو شەڕەیان هەڵاییساند، یانی ناکرێ هەر بڵێین بەقایای رێژیمی پاشایەتی بوون، و کۆماری ئیسلامی دەخالەتی تێدا نەبووە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی مخالفی ئەوە بایە دەی‌توانی پێشیان پێ بگرێ یان رووداوەکانی دوایی بەو جۆرەی کە هاتنە پێشێ نەدەهاتنە پێش. ئەوانە خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییش رێك خستبووو خۆیان کردبوو بە پارێزەرانی ئیسلام!

**کوردستان: مامۆستا ئەو تاقم و لایەنانە یان ئەو دەستانەی ئێستا جەنابت ئیشارەت پێ کردن لەو کارە دا مەبەستیان تێکدانی برایەتیی کوردو ئازەری بوو یان مەبەستیان لێدانی پایەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە بێ شك مەبەستیان زەربە وەشاندن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو، ئەگەر لە جێیەکی دیکە بایە دەی توانی هەر دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ بەڵام لەو شارە کە شاری پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی کوردو ئازەربایجانییەکانە، دەکرێ بڵێین ئەو هەدەفە هەدەفی یەکەم بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو نەتەوەیە نەتوانن پێکەوە بژین. لە پاشان ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوژمنایەتی لەگەڵ دێموکرات، وا بکەن کە ئەو شەڕە لە جیاتی ببێتە شەڕی حیزبی دێموکرات و بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی، ئەو مۆرکەی لێ بدرێ کە شەڕی کورد و ئازەربایجانیانەو ئەو حەساسییەتانە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە نێو ئەو دوو نەتەوەیەدا پەرە پێ بدەن و ئاورەکە خۆش بکەن.

کوردستان: لەو نێوانە دا تەبعا کەسانێك نەخشیان هەبوو وك ئیمام جومعەی ورمێ مەلا حەسەنی نەخشی ئەو لەو راستایە چ بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەندەی ئەمن لە بیرم بێ نەخشی ئاغای حەسەنی نەخشی پشتی پەردە بوو. ئەوانەی لە ژووری دا راستەوخۆ دەخالەتیان هەبوو هەر ئەو دوو ناوە بوون کە ناوم بردن مەعبوودی و قەتاری، لە ژێر حیمایەتی ناراستەوخۆ یان بڵێین پشتی پەردەی ئاغای غولام رەزای حەسەنییش دا بوو.

**کوردستان: مامۆستا ئەو شەڕە چوار رۆژی خایاندوە، پێمان خۆشە بزانین لەو چوار رۆژە دا چ رووی داوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەوە چوار رۆژەدا ئەمن لەوێ نەبووم. ئەمن لە سەفەرێکی کەمێك درێژخایەن هاتبوومەوە، شەوێ لە ماڵێ بووم، روحی شاد بێ دوکتور قاسملوو هات لوتفی کرد، بۆ بە خێر هاتنەوەم، پاشان باسی ئەوەی کرد مێتینگمان هەیە لە نەغەدە ئەگەر پێت خۆشە وەرە. ئەمنیش گوتم پێم خۆش بوو بێم، بەڵام هەم ماندووم، هەمیش دەزانم میوانم دێن. چونکی ئەمن ماڵ و منداڵم هێنابۆوە بۆ مەهاباد. دەمزانی دوست و خزم و برادەرم دێنە لا، بۆیە ئیدی ئەمن نەچووم. بەهەرحاڵ رووداوەکانی بەم شێوەیە بوون کە لە ئەوەڵەوە مێتینگ دەست پێ دەکا لە ستادیۆمێکی نەغەدە کە ئەمن شوێنەکەشم نەدیبوو لە جێدا شاری نەغەدە باش ناناسم. ئەوەندەی تێدا نەبووم، مێتینگ بە قسەکانی دوکتور قاسملوو دەست پێ دەکا. پاشان لە دەرەوەی ستادیۆمەکە تەقەیەك دەست دەکرێ و تەقەیەکی دیکەش دەکرێ. ئەوەڵ جار پێیان وایە نەبن تەسادوفە، کاك حەمەدەمین سیراجی کە لەوێ دەبێ دەعوەت بە ئارامش دەکا بۆ ئەوەی خەڵکەکە نارەحەت نەبێ و مێتینگەکە ئیدامەی هەبێ. بەڵام کە تەماشا دەکەن شتەکە جددییە ئەو جار دوکتور قاسملوو دەستوور دەدا کە بڵاوەی بکەن و بە ئارامی شارەکە بە جێ بێڵن. ئەمما لە لایەك شەڕفرۆشەکان دەیانویست ئەو شەڕە ئیدامەی هەبێ و لە لایەکی دیکەوە سەرەتای ئینقلاب بوو هەستی ئینقلابیگەری بەهێز بوو، خەڵکەکەی ئێمەش کە بەشێکی زۆریان لە شاری جۆراوجۆرەوە هاتبوون چەکیان پێ بوو. کە رووی چەکەکان دەکرێتە ئەوان، ئەوانیش مەجبوور دەبن دیفاع بکەن و جواب بدەنەوە. شەڕ عادەتەن بە لایەك هەڵ دایسێ، بەڵام بە هەردوو لا دەتوانرێ پێشی پێ بگیرێ، هەڵاییساندنی ئاسانەو کووژانەوەی بە زەحمەتە، ئیدی وای لێ دێ کە شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێ. رێبەرایەتیی حیزب کە لە مهاباد بوو، خودی دوکتور قاسملووش گەڕایەوە بۆ مهاباد. هەوڵێکی زۆری دا لە رێگەی ئوستانداری ورمێوە. لە رێگەی فەرمانداری مەهابادو بە تەماس گرتن لە گەڵ مەرکەز بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێندرێ. بەڵام وا دیاربوو ئەوانە پیلانێکیان بەدەستەوە بوو کە دەیانویست تا سەر ئیدامەی بدەن. بۆیە سێ رۆژی ئەوەڵێ هیچ نەکرا. کووچە بە کووچەو ماڵ بە ماڵ و مەنتیقە بە مەنتیقە شەڕەکە ئیدامەی هەبوو، بە کردەوە وەکوو گوتم شەڕەکە بوو بە شەڕی نێوان کوردو ئازەربایجانی، ئەگەر ئیشتبا نەکەم شەڕەکە ٣ی مانگی بانەمەڕ کۆتایی پێ هات. هەیئەتێکی حیزبی و کەیخودایان و پیاوماقووڵانی مەهاباد لە نێو ئەوانیش دا فەرمانداری مەهاباد لەگەڵ هەیئەتێك لە پیاو ماقووڵان و ریش سپییانی ئازەربایجانی، ئوستاندارو یەك دوو شەخسییەتی رووحانی لە ورمێوە لە مەحمەدیار- شارێکی چوکەڵەیە لە نێوان مهابادو نەغەدە- کۆبووینەوە. پێشتریش ئەرتەش ئیعلانی کردبوو کە بۆ ئارام کردنەوەی وەزعەکەو بۆ دامرکاندنەوەی شەرەکە دێتە نەغەدە. ئێمە لەوێ دانیشتبووین پاش باس و مناقشەیەکی زۆر پەیامێکی موشتەرەکمان ئیمزا کرد کە لە رادیۆ بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو لا دەست لە تەقە هەڵ بگرن و هەر کەسە بچێتەوە ماڵە خۆی و ئەوە لە رادیۆش خوێندرایەوە. لەو کاتەدا بوو کە تانگە کانی ئەرتەش گەیشتنێ، هاتن بە نێو مەحمەدیار دا تێ پەڕین. بەڵام دیار بوو نەخشەیەك بوو لە پێش دا دارێژرابوو. ئەرتەش چۆ ئەوێ، بەلام نەچوو بۆ دامرکاندنەوەی شەڕ.بەڵکوو بۆ ئەوەی بە نەفعی ئازەرییەکان دەخاڵەت بکاو ناوچە کوردنشینەکانی کوتا.

**کوردستان: هۆکاری تەقویەتی ئازەرییەکان چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە بێ شك دەلایلی کۆن و تەنانەت نوێشی هەبوون: ئەوەڵەن حەساسییەتی هەموو رێژیمەکانی ئێران بە پاشایەتی و ئیسلامییەوە پتر بە کوردو بەتایبەتی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە، لە پاشان ئەوانەی شەڕەکەیان هەڵاییساند ئەگەرچی خائین بە نەتەوەی ئازەربایجانیش بوون، لە باری هەستی نەتەوایەتییەوەو ئەوەی پێی دەڵێن ئینتمای نەتەوەیی، ئازەری بوون. مەعبوودی و قەتاری هەردووکیان ئازەری بوون، حەسەنی بۆخۆی هەر لەوان بوو. لە بەر ئەوە وایان ئەرتەش تێ گەیاندبوو کە ئەوە تەوتئەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەو هەمان ئیتهامی ساواو بۆگەنیوی جیاوازیی خوازی و تەجزیە تەلەبی یان زیندوو کردبۆوە، دەزانین ئازەربایجانییەکان لە باری مەزهەبییەوە کە حکوومەتی ئێستا حکومەتێکی مەزهەبییە شیعەن. لە حاڵێك دا کورد لەو مەنتەقەیە سونین، تەنانەت هەوڵیان دابوو حەساسییەتی مەزهەبییش دروست بکەن. لە حالێکدا نە لە نێو کورددا نە لە نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بەتایبەتی حەساسییەتی مەزهەبی قەت جێی نەبووە. ئەوەلەن کورد سوننی نیە. کورد سوننیی هەیە، شیعەی هەیە. تەنانەت موسڵمان و غەیرە موسلمانیشی هەیە. کەوابێ ئەوان توانیبوویان ئەو ئیحساساتەش تەحریك بکەن بۆ ئەوەی زەربە لە کوردەکان و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەن. لێرەدا پێم خۆشە زۆر بە واقعبینییەوە ئیشارە بەوەش بکەم کە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان کە رێکخەری مێتینگەکە بووین لە هێندێك شت دا ئینتقادمان پێ واریدە، یانی ئێمە نەمان توانیبوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ماوەیەکی زۆربوو لە وڵات دووربووین، نەمان توانیبوو حەساسییەتی وەزعەکە هەڵ سەنگێنن، ئەو مێتینگە لە جێ دا لە نەغەدە نەکەین یان ئەگەر لە نەغەدە دەیکەین لە مەنتەقەیەکی دوورترو پەناتر بیکەین.

**کوردستان: مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوەی کە لە نەغەدە ئەو میتینگەی گرت چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی هەدەفی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو شت بوو جالیبە بێ ئەوەی بڵێین ئەوە هەدەف بێ، راست وەك دەورانی کۆماری کوردستان بوو کە بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردی لە مەهاباد هەڵکرا بۆ دووەم جار لە نەغەدە بوو، ئەو سەفەرەش لە ١١ی رەشەمە لە مەهاباد بۆ یەکەم جار اعلان کرا کە حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکاتەوەو وا بە دروست زانرا کە لە نەغەدەش بۆ دووەم جار وەکوو نەریتێك، بێ ئەوەی ئیشارەیەك بەو رابردووە بکرێ بەڵام ئەگەر بە تەسادوفیش بوو بێ، لەو شارەبکرێ. مەبەستەکەش ئەوە بوو کە لە نێو شاری نەغەدەی وەك شارێکی موهیم ئەو خەسڵەتی تێکەڵاوییە هەیە، لەوێدا قسە بکرێ. لە وتارێکدا کە نەنوسرابوو بەڵام قەرار وابوو دوکتور قاسملوو بیدا، بە تەواوی تەئکید لە سەر برایەتی و هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە کرابۆوە یانی قەرار بوو لە سەر ئەوە پێ دا بگیرێ بۆ ئەوەی سەفحەیەکی تازە لە پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بکرێتەوەو پێکەوە بۆ هەدەفەکانیان کە هەدەفی موشتەرەکن، تێ بکۆشن. پێم وابێ دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی ئەو دوو نەتەوانە بە هەست کردن بەو وەزعییەتە هەولیان دا ئەو مێتینگە بشێوێنن.

کوردستان: مامۆستا وەك دوایین پرسیار پێت وایە خەسارەکانی ئەو شەڕە چی بوون ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** خەسارەکانی ئەو شەرە یەکجار زۆر بوون لە باری گیانییەوە دەکرێ بڵێین نزیك بە ٢٠٠ کەس - موبالغە زیاتر دەکرێ - بەڵام نزیك بە ٢٠٠ کەس لە هەردوو لا شەهید بوون. ژمارەیەکی لەوە زیاتر بریندار بوون ماڵێکی زۆری کوردەکان - بە تایبەتی - رووخان، خەسارێکی زۆر بە خەڵکی گەیشت، خەڵکێکی یەکجار زۆر تەقریبەن بەشی هەرەزۆری کوردەکان ئاوارە بوون و ماوەیەکی یەك جار زۆری پێوەخرا تا بگەڕێنەوە. ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو کوردانەی لەوێ ئاوارە بوون هەموویان نەگەراونەوە بە دەلیلی ئەوە کە ماڵ و کاشانەو هەموو شتێکیان تێدا چوو بوو. بچنەوە کوێ؟ ئەوە یەکێك لە خەسارەکانی بوو. بەڵام بە باوەری من خەساری هەرە گەورەی ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێوەندیی نێوان کوردو ئازەرییەکانی تا حەددێکی زۆر شێواند یانی ناحەزانی ئەو دوو نەتەوەیە لە پیلانەکانیان دا سەرکەوتن کە ئەو حەساسییەتە لە نێوان ئەو دوو میللەتە دا دروست بکەن و ئەوە بە زیانی هەردوو نەتەوەو بە تایبەتی بە زیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و میللەتی کورد بوو چونکە ئەو خاکە زیاتر میللەتی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کورد لێی بەرپرسیارن تا هێندێ هێزی دیکە. کە لە لاوەڕا دەیان هەوێ دەستی تێ وەردەن یا ئاژاوەی تێدا بنێنەوەو لە گەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو برینانە بە ئاسانی سارێژ نەبوونەوە رەنگە ئێستاش پاشماوەیان هەر مابێ. بە خۆشییەوە وەکوو ئاگادارین ئەو پێوەندییانە تا رادەیەکی زۆر گەراونەتەوە جێی خۆی، بەڵام پاش نزیك بە ٣٠ی ساڵ یان بڵێم پاش ٣٠ی ساڵی تەواو .

# سەرکەوتنی DTP و پەرەسەندنی بزاڤی شوناسخوازی

حەسەن شێخانی

مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ڕێژەیەکی کەمی کۆمەڵگە دەرباز بێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی بنکە فراوانی جەماوەری و بەشێکی هەرە زۆری کومەڵگە راکێشی نێو پرۆسەی شوناسخوازی بکا. چاوەڕوانی سەرکەوتن لە تەڤگەرێك کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی (تەنانەت) چەند هەزار کەسی کادرو ئەندام دا قەتیس مابێتەوە چاوەڕوانییەکی نالۆژیکی و دوور لە واقیعە.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر بزووتنەوەی باکووری کوردستان کە بە ئاوایەکی بەرچاو بەجەماوەری بووە. میکانیزم و چۆنیەتی بەجەماوەری بوونی بزاڤی باکوورو دەسکەوت و دەرەنجامەکانی کامانەن؟ کاریگەری ئەم مەسەلەیە لە سەر سەرکەوتنی DTP لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و تورکیە کە لە ٢٩ی مارسی ٢٠٠٩دا بەڕێوە چووە چییە؟ دەسکەوت و دەرەنجامەکانی ئەم سەرکەوتنە کامانەن؟

> **مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ڕێژەیەکی کەمی کۆمەڵگە دەرباز بێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی بنکە فراوانی جەماوەری و بەشێکی هەرە زۆری کومەڵگە راکێشی نێو پرۆسەی شوناسخوازی بکا. چاوەڕوانی سەرکەوتن لە تەڤگەرێك کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی (تەنانەت) چەند هەزار کەسی کادرو ئەندام دا قەتیس مابێتەوە چاوەڕوانییەکی نالۆژیکی و دوور لە واقیعە.**

تەڤگەری باکوور سەرەڕای بوونی رواڵەتێکی پڕوپاگەندەیی، تەنیا لەم چەند ساڵەی دواییدا توانیویەتی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە لەخۆی بگرێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی بنکە فراوانی جەماوەری. ئەمەش لە ژێر کاریگەریی ئەم فاکتەرانەی خوارەوە دایە:

١) پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) لە سەرەتای دامەزرانییەوە گرینگی بە رەهەندی جەماوەری خەبات داوەو ویستوویەتی روانگەو زەینییەتێکی پۆزەتیڤ بەلای ئەم رەهەندەی خەباتدا رابکێشێ. بە واتایەکیتر هەر لە سەرەتاوە بە میتۆدی جۆراوجۆر هەوڵی داوە جەماوەر راکێشی نێو پرۆسەی رزگاریخوازانە بکا. بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکان بەم لاوە بەتایبەت لە دوای گۆڕینی ئامانجی ستراتژیکی کوردستانێکی سەربەخۆ (کە گۆڕینی سنوورەکانی لەخۆ دەگرت) بۆ داواکردنی ماف لە چوارچێوەی سنوورە ئارایییەکاندا، رەهەندی جەماوەری و تەنانەت مەدەنیی خەبات گرینگی زیاتری پێ دەدرێ. Pkk هەوڵی داوە رێکخراوی لاوەکیی لێگاڵ دامەزرێنێ و لایەنگرانی خۆی کانالیزەی ئەو رێکخراوانە بکا. بەم پێیە کولتوورێکی وشیاریی سیاسی مەدەنی دروست بوو کە خەڵك خەبات تەنیا لە لوولەی چەکی گەریلاوە نەبینن و بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لە بزووتنەوەدا بەشدار بن.

٢) سێ دەیە خەباتی سەخت و خوێناوی و بە پێی ئەمەش بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی، تەوژمی بزاڤی ئازادیخوازی کوردەکانی باکوورو هەروەها هەوڵدانی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا پتانسیەلی نیمچە دێموکراتیکی سیستەمی سیاسیی تورکیەی ئەکتیڤ کردوە. ئەمەش کەشێکی تا رادەیەك لەباری بۆ بەرفراوان بوونەوەی بازنەی بزووتنەوی باکوور خۆشکردوەو بەم پێیەش بزاڤ زیاتر لە جاران پەرەی سەندوەو بەرەوپێش چووە.

٣) باشووری کوردستان خاوەن ستاتۆیەکی خۆبەڕێوەبەری هەرێمییەو کوردانی ئەم پارچەیە لانی کەم بە بەشێك لە مافەکانیان گەیشتوون. ئەمەش تا رادەیەکی زۆر لە ئەنجامی بەشداریی چالاکانەی بەشی زۆری کومەڵگە لە پرۆسەی رزگاریی نەتەوەییداو راپەڕینی پڕشکۆی مارسی ١٩٩١ زایینی هاتۆتە ئاراوە. ئەم فاکتەرەش لە سەر چوونەسەری ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و بەرفراوانبوونی بازنەی بزاڤ لە باکوور کاریگەریی داناوە.

هەنووکە بزووتنەوەیەکی ئەکشن و ئەکتیڤی نەتەوەیی لە باکووری وڵات لە ئارادایە کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە:

ئەلف) ئەم بزووتنەوەیە حاڵەتێکی بەردەوام، پایەدارو هەمیشەیی هەیە، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ شاهیدی چالاك بوونی زیاتری ئەم بزاڤەین و پرسی کورد بۆ رۆژێکیش نادرێتە ئارشیڤ و هەردەم لە رۆژەڤ دایە.

ب) لە ژێر کاریگەری و بە یارمەتیی باڵی چەکداری بزاڤ و راگەیاندنەکانی، رێکخستنێکی بەهێز لە ئارادایە کە بە شێوەیەکی سەرەکی DTP تەمسیلی دەکا.



DTP خاوەن گوتارێکی شوناس خوازییە، لە رووی ئیرادەی سیاسییەوە سەربەخۆیەو درێژکراوە یان پاشکۆی هیچ گرووپێکی تورکی نیە. لە رووی فۆنکسیۆن و پێکهاتەوە توانیویەتی لە گرووپێکی ئیلیتی دەرباز بێ و پێگەیەکی کومەڵایەتی بەرفراوان بەدەست بێنێ. بەم پێیەش توانیویەتی پتانسیەلی کوردەکانی باکوور تا رادەیەکی بەرچاو کانالیزەو موبیلیزە بکاو چەشنێك یەکگرتوویی بێنێتە ئاراوە. پڕ ئاشکرایە هیچ تەڤگەرێك بە بێ هەبوونی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە ناتوانرێ بە بزووتنەوە لەقەڵەم بدرێ.

لە ژێر کاریگەریی ئەو زەمینەو بەستێن سازییەی لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا لە باکووری وڵات دەکرێ DTP توانی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٩ی مارس‌دا تا رادەیەك سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ٩٩ شارەوانی بۆ خۆی مسۆگەر بکا.

بە شێوەیەکی دیاریکراو کۆمەڵێك فاکتەری دیکەش لەم سەرکەوتنەدا دەوریان هەبوو لەوانە: دەرکەوتنی چییەتی پارتی دادو گەشە پێدان (AKP) و چەواشەکارییەکانی سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد کە بە تایبەت لەم ئاخافتنانەی رەجەب تەیب ئەردۆغاندا خۆی نواند: "ژن بێ، زارۆك بێ، پیر بێ، پۆلیس دەبێ ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ" بە واتایەکی تر دەبێ لێیان بدەن و بیانکوژن، "یەك زمان، یەك نەتەوەو یەك دەوڵەت" و "پێت خۆشە تورکیە بەم دۆخەی ئێستاوە قبوول بکەو بمێنەوە، پێشت خۆش نیە تورکیە بەجێ بێڵە". ئەو ئاخافتنانە لە سەر شوشتنەوەی ماکیاژی AKP و وشیاربوونەوەی کوردان کاریگەرییەکی باشی هەبوو. سەرکەوتنەکانی باڵی چەکداری بزاڤی باکوور بەتایبەت لە یەك - دوو ساڵی دواییدا کە بە ئاوایەکی بەرچاو مۆراڵی نەتەوەیی کوردانی بەرز کردەوە. کاریگەری راگەیاندنی پلانمەند لە سەر هۆشیار کردنەوەو هاندانی کوردەکان بۆ دەنگدان بە شوناس و ناسنامەی خۆیان.

سەرکەوتنی ٢٩ی مارس، پرسی کورد لە باکوور دەباتە قۆناغێکی نوێوەو ئەم دەرەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

ئەلف) DTP دەبێتە چوارەمین پارت لە سەر ئاستی تورکیە. هەروەها بایەخ و قورسایی ئەم پارتە کە نوێنەرایەتیی لێگاڵی بزووتنەوە دەکاتە لە سەر ئاستی یەکیەتیی ئورووپا و نێونەتەوەیی بەرزدەبێتەوە. ئەمەش وا دەکا زیاتر لە پێشوو گوێ لە داخوازی کوردان بگیرێ. باس کردنی پرسی کورد لە پارڵمانی تورکیە لە لایەن باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری ئەمریکا و دیداری ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد تورك هاوسەرۆکی DTP دەرەنجامی سەرکەوتنی ٢٩ی مارسن. ئەمەش چەشنێك رەوایی نێونەتەوەیی بە پرسی کورد و نوێنەرە لێگاڵەکەی دەبەخشێ.

ب) ئەم سەرکەوتنە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو لایەنە هەرێمی و نێونەتەوەییەکان بە پارێزەوە نزیکایەتی (دژایەتی) باڵی چەکداری بزاڤی باکوور بکەن. چونکە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم بزووتنەوەیە رۆژ لە دوای رۆژ بەرفراوانتر دەبێتەوە. عەقڵانییەت و دووربینی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە لایەنەکانی جێی ئاماژە لە دژایەتی کردنی باڵی چەکداری بزاڤ تا رادەیەك سڵ بکەنەوە. بەم پێیە باڵی چەکدار باشتر دەتوانێ هەبوونی خۆی بپارێزێ. بەرسەرنجدان بەوە کە باڵەکانی بزووتنەوە یەکتر تەواوو بەهێزدەکەن ئەم مەسەلەیە لەسەر پەرەسەندن و سەرکەوتنی بزاڤ کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

ج) پارچەکانی کوردستان راستەوخۆو ناراستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە. شکستی جووڵانەوەی پارچەیەك، جووڵانەوەی پارچەکانی تر لاوازدەکاو سەرکەوتنیشی بەپێچەوانە. هەروەك ئاماژە کرا بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤی نەتەوایەتی لە باکووری وڵات لە ئارادایە کە بۆتە جێی سەرنج و هیوای هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز لە پارچەکانیتر. سەرکەوتنی ٢٩ی مارس وزەیەکی زیاترو خوێنێکی تازەی بەدەمارەکانی بزووتنەوەی کورد بەگشتی بەخشی و کوردستانیانی بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانج هیوادارتر کرد.

ئەنجام:

هەروەك ئاماژەکرا هەر تەڤگەرێك کاتێك سەرکەوتن بەدەست دێنێ کە ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی جەماوەری و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، خۆیان لەو بزووتنەوەیەدا ببیننەوە. بزووتنەوەی بە ئامانج گەیشتووی گەلانی ئەلجەزایر، هیندوستان، ئەفریقای باشوور، بزووتنەوەی یەکسانی خوازی مارتین لۆتر کینگ و تەنانەت بزووتنەوەی باشووری کوردستانیش سەلمێنەری ئەو راستییەیە. رێژەی زۆری بەشداربووانی رێپێوان و خۆپێشاندانەکانی باکوورو گرتنە دەستی ٩٩ شارەوانی لەلایەن DTP وە سەلماندی کە بازنەی بزاڤی ئازادیخوازی و شوناسخوازی تا رادەیەکی زۆر بەرین بۆتەوەو ئەمەش ئاسۆی سەرکەوتن خێراترو گەشتر دەکا. لەلایەکی تر DTP نەیتوانی شارەوانییەکانی سیواس، بینگول، مەلاتیە مەرعەش، غازی عەنتاب، ئەرزینجان، ئادیامەن، ئەلازیك، قارس، ئەرزرۆم و چەندین شارو شاروچکەیتر بەدەست بهێنێ. لەبەرانبەردا پارتە تورکییەکانی AKP,CHP, MHP ئەو شارەوانیانەیان بە دەستەوە گرت. ئەم راستییە نیشاندەری ئەوەیە کە بزاڤی باکوور بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری رێگەیەکی درێژی لە بەردەم دا ماوەو پێویستە زۆر زیاتر لە هەنووکە بازنەی ئەم بزاڤە بەرفراوان بێتەوە. چونکە تا ئێستاش بەشێکی بەرچاوی خەڵك لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا ماونەوەو بەو ئاستە لە وشیاریی نەتەوەیی نەگەیشتوون کە لە جیاتی دەنگدان بەپارتە تورکییەکان و بەتایبەت پارتی رەگەزپەرەستی MHP ، دەنگ بە ناسنامەی خۆیان بدەن. ئەگەر بزووتنەوەی باکوور زیاتر لە جارانیش بایەخ بەهێزی لەبڕان نەهاتووی گەلی کورد بداو وەك هۆکارێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵاتدا خۆ بنوێنێ و بتوانێ ئەو بەشە دوورەپەرێزەی کۆمەڵگەش راکێشی نێو پرۆسەی شوناسخوازی بکا ئەو کاتە پشتیوانیان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن ئامادەتر دەبێ. لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین ئەگەر شارەوانانی DTP مۆدێلێکی باشی کارکردن و ئیدارە بخەنە روو، چاوەڕوان دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بتوانن دەنگی زیاتر بە دەست بهێنن.

# ئاوڕدانەوەیەك لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێران لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی دا

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەژیر عەبدوڵڵاپوور

بەشی یەکەم

لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی نوێدا، زۆرترین لاپەڕەی ئەنتێرنێت و بڵاڤۆکەکانی سیاسی بە بابەتگەلێکی وەك "ئێران لە ساڵی رابردوودا"، "جیهان لە ساڵی رابردوودا"، بزاڤی کرێکاری لە ساڵی رابردوودا"و .... دەڕازێنرێتەوە، بەڵام کەمتر دیتراوە کە بابەتێك بە ناوی "ئۆپۆزیسیۆن لە ساڵی رابردوودا" بڵاو بێتەوە!! ئەمەش هۆکارەکەی تا رادەیەك روونە، کەمتر کەسێك سەرێك کە نایەشێ پرێچکەی لێدەبەستێ!.

ساڵی پار ساڵێکی تاڵ و ناخۆش بوو. ساڵی تێکشکانە پەیتاپەیتاکان و ناکۆکییە بەرینەکان. ئەگەر نەمانەوێ دڵمان خۆش بکەین بە چوار نارەزایەتی‌و دەنگهەڵبڕینی کرێکاری و خوێندکاری کە وەك ساڵانی رابردوو چەند رۆژێك هاتن و بە هێمنی دامرکانەوە، لەو ساڵە دەگمەنانە بوو کە شاهیدی ململانێیەکی جیددی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا نەبووین.

نزیك بە چل ساڵ لە جووڵانەوەی کۆمۆنیستی لە ئێران تێدەپەڕێ و ساڵی رابردوو لاوازترین ساڵی ئەم بزووتنەوەیە بوو بەجۆرێك کە لەگەڵ هیچ ساڵێك لە تەمەنیدا بۆ بەراوردکردن نابێ. ساڵی رابردوو رەنگبێ دەسپێکێك بێ بۆ کۆتایی چل ساڵ هەوڵ و خەبات لە لایەن کۆمۆنیستەکانی ئێرانەوە. بەداختر لەوە ئەوەیە کە کومونیزم لە ئێران بە پێچەوانەی سەردەمانی ئاوابوون و پووکانەوەی پێشووی، ئەمجارە نەك لە لایەن هێرشی کۆنەپەرست و بگرەوبەردەی رێژیمەوە، بەڵکوو راست لە رێگەی رێڕەوان و هەڵسووڕاوەکانییەوە بەشێوەی ئاگایانە و نائاگایانە بەرەو هەڵدێری هەڵوەشان و دامرکانەوە چوو.

بەڵام بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی راست باشتر لە رابردوو بوو. ئیمکانات و پێداویستی زیاتریان بۆ خۆیان دەستەبەر کردو هێزی مانۆڕی زیاتریان لە خۆیان پیشانداو کەموزۆر لە گشت گۆڕانکارییە وردو درشتەکاندا جێ‌-پەنجەیان دیار بوو. بە کورتی لەو ساڵەدا چەپ بەرەو ئاوابوون چووو راستیش هەڵهاتنی دەست پێکرد.

بەم پێشەکییەوە دەمانەوێ ئاوڕێکی کورت بدەینەوە لە "ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی رابردوودا"!

**سەڵتەنەتخوازەکان:**

سەڵتەنەت واتە حکوومەتی بۆماوەیی بنەماڵەیەك بەسەر وڵاتێکدا. رەزا پەهلەوی میراتگری تاج و تەختی پاشایەتی گوایە لە قسەکانیدا گوتوویەتی کە "خەڵك دەبێ هەڵبژێرن" و هەر ئەمەش لایەنگرەکانی بەتەواوی ئاچەمز کردوەو بیرۆکەی سەڵتەنەتخوازی کەمڕەنگ کردۆتەوە. گۆڕانکارییەکانی ساڵی پێشوو جارێکی‌-تر دەریخست کە بۆچوونی سەڵتەنەتخوازی زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر خراوەتە پەراوێزی کۆمەڵگەوە. ئەمە لە کاتێك دایە کە گرنگترین تریبوونەکانی تەلەویزیۆنی فەزایی لە بەردەستی سەڵتەنەتخوازەکان دایە.

رەزا پەهلەوی لە ساڵی ڕابردوودا جموجۆڵێکی هێندە گرینگی لەخۆی نیشان نەدا بێجگە لەوەیکە چەند جارێك جەختی کردەوە لەسەر هەڵبژاردنی ئازادو بەشێوەی ئاماژەگەرانەش خوازیاری پێکهێنانی کۆمارێکی دیمۆکراتیك بوو بۆ ئێران. بەکورتی ساڵانێکە کە ناوبراو قسەیەکی بۆ بەرگریکردن لە سەڵتەنەت نییە.

**موجاهیدین:**

ئەم رێکخراوە ساڵێکی سەخت و دژواریان تێپەڕاندو لە ئەنجامدا دەسکەوتگەلێکی گرینگیان بۆخۆیان دەستەبەر کرد. گەورەترین کەڵەوەکێشی ئەوان رەوشی کەمپی ئەشرەف لە ئێراق و حەپس و گەمارۆی زیاتر لە سێ هەزار کەس لە هێزەکانیان بوو. موجاهیدین ئەمجارە ژیرانە جووڵانەوە. لە لایەك وەك پێشوو درێژەیان بە گفتگۆو دیالۆگ لە گەڵ پەرلەمانەکانی ئەورووپاداو لە لایەکی‌ترەوە هەموو جارێ بە راگەیاندنی ئەم هەواڵە کە "دەوڵەتی ئێراق دەیەوێ موجاهیدین رادەستی ئێران بکاتەوە" پشتیوانی کەسانی دیکەیان بۆ لای خۆیان راکێشا. هەرچەند ئەم تاکتیکانە نەیتوانی هێزەکانی ئەوان لە ئەشرەف رزگار بکا بەڵام دەسکەوتێکی گەورەترو گرینگتری بۆ ئەوان بەدواوە بوو کە ئەویش هاتنەدەری ناوی موجاهیدین بوو لە لیستی تیرۆریستی یەکیەتیی ئەورووپادا. رەنگبێ پاشماوەی هێزەکانی موجاهیدین لە ئێراق گەورەترین شانسی رێبەری ئەو گرووپە بێ لە بردنەپێشی ئامانجەکانیان. هەرکاتێك دەخرێنە تەنگانەوە، هەواڵی رادەستکردنیان بە رێژیمی تاران بڵاودەکەنەوەو کاتێك بەم هەواڵە ناڕاستانە سەرنج و پشتیوانی بۆ لای خۆیان رادەکێشن ئەو کاتە داخوازییە سیاسییەکانی خۆیان لە دەوڵەتانی ئەورووپایی دەخەنەڕوو. رەوشی ئێستای هێزەکانی موجاهیدین لە ئێراق لە هەر بارێکەوە بە قازانجی ئەو رێکخراوەیەو خراپترین دۆخیش بۆ ئەوان ئەوەیە کە ئەو هێزانە بێنە ئەورووپا، چونکە بە لای کەسەوە روون نییە کە هەر بە هاتنە نێو دونیای ئازادەوە چ دەڵێن و چ کێشەیەك بۆ رێبەری موجاهیدین دەخوڵقێنن.

موجاهیدین بە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر، هیچکات هەڵبژێراوی توێژێك لە خەڵکی ئێران نەبوون. خەڵکێك کە سی ساڵە سێبەری رەشی حکوومەتێکی ئایدیۆلۆژیکی بەسەرەوە بووە زۆربەی هەرەزۆریان لە هەر شتێ کە رەنگ و بۆنی ئایینی بدا بێزارن. بە تایبەتی ئایینێك کە بڕیارە حکوومەتیشیان بەسەردا بکا. هەر بەم هۆیانەش خەڵکی ئێران لەبەر پێوەندی و هەڵسوکەوتی نێوخۆیی ئەو رێکخراوەو هەروەها بەهۆی چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیکی ئیسلامی زاڵ بەسەریانداو تەنانەت لەبەر شێوەی ئاخاوتن و جۆری جلوبەرگ پۆشینیان ناکەونە بەر دڵیان و پەسندیان ناکەن. بەڵام سەیر ئەوەیە کە موجاهیدین بەهیچجۆر کاریان بەوە نییە کە خەڵکی ئێران چۆنیان هەڵدەسەنگێنن، بەڵکوو ئەوان لەسەر ئەو ئەگەرانە کار دەکەن کە هێشتا هیچ کەس بە دروستی نازانێ کە داخوا دەستەبەر دەبن یان نا کە ئەویش ئەگەری هێرشی چەکداری ئەمریکایە بۆ سەر ئێران. هەر بەم پێیەش ئەم رێکخراوە چونکە بەباشی لە شوێن و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا ئاگادارن، زیاتر لە پێشوو لە پەرلەمانەکانی ئەمریکاو ئەورووپادا هەڵتۆزهەڵتۆزیانە.

**رێکخراوی فیداییان (اکثریت) و حیزبی توودە:**

ئەم رەوتانە لە ساڵی رابردوودا زیاتر لە پێشوو چالاك بوون. ئەمانە بەهۆی ئیمکاناتی باشی ئەنتێرنێتی خۆیان لەکردەوەدا گرنگترین و سەرەکیترین شاڕێی راگۆڕکێ و هەواڵ و زانیارییان خستبووە قۆرغی خۆیانەوە. ماڵپەڕەکانی "گویا، ایران امروز، اخبار روز و پیك نت" تەنیا نموونەیەك لە ئیمپراتۆری ئەنتەرنێتی ئەوانە. ئەم دوو رەوتە سیاسییە بەهۆی رابردووی ناخاوێنیانەوە، ساڵانێکە لە هەوڵی ئەوەدان کە بە ناوەکانی پێشوویانەوە خۆیان نەناسێنن و هەڵسووڕاوانیان بەبێ ناساندنی رێکخراوەیی لە هەموو بوارەکانی سیاسی وڵاتدا چالاکن. لە وتووێژی تەلەویزیۆنی وەك لێکۆڵەرو راڤیارەوە بگرە تا بەشدارییان لە زۆربەی رادیۆ و بڵاکراوەکانی رێفۆرمیستییەکاندا، هێزی مانۆڕی زۆری بەوان بەخشیوە.

**کۆماریخوازەکان:**

کۆماریخوازەکان کە لە کردەوەدا شتێك نین جگە لە بەشێك لە زۆرینەکان (اکثریتی‌ها) و توودەییەکانی پێشوو، لە سێ ساڵی رابردوودا تووشی چەند جیابوونەوەی دیکە هاتن، تا ئەوەیکە لە ساڵی رابردوودا بەتەواوی دامرکانەوە. ئێمە لە کاتێکدا ساڵی ٨٧ تێدەپەڕێنین کە کۆماریخوازەکان لە پانتایی چالاکیی ئۆپۆزیسیۆندا بەشدارییەکی جیددییان نیە، گەرچی تەواوی هێزەکەیان لە فۆرمی‌ترو بە ناوی جۆراوجۆرەوە هەروا چالاکن. تریبوونە سەرەکییەکانی کۆماریخوازەکان بریتین لە ماڵپەڕەکانی "ایران ما، صدای ما و گزارشگران".

پەیڤ

## نووسین هەر بۆ نووسینە یان بە مەبەستی چاکسازی

سوهەیلا قادری

لە لاپەڕەی ئازادی رۆژنامەی "کوردستان" (ژمارە ٥٠٦) دا بابەتێك ب بەناوی "فیمینیزم و بزووتنەوەی چێشت لێنان" لە نووسینی بەڕێز مادێح ئەحمەدی‌ڵاوبۆتەوە. لە پێشەکیی ئەم بابەتەدا پێناسەیەکی تێروتەسەل لە بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی جیهان کراوە. نووسەری ئەم بابەتە پێی وایە ژنانی کورد بەتایبەتی و ژنانی جیهانی سێیەم بەگشتی ئەم پێناسەیەی بزووتنەوەی فیمینیستییان تێکداوە. ناوبراو بزووتنەوەکانی ژنانی ئەم ناوچانەو بەتایبەت ژنانی نێو ریزی شۆڕشەکان و حیزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی ژنان بە حەرەکەتێکی کارتۆنی و دوور لەو پێناسەیە دەزانێ. بە وتەی ئەو گۆیا ئەوان لەم هەوڵە بەجێ‌ماون بەو هۆیەوە کە گەڕاونەتەوە بۆ چێشت لێنان و پێشوازی لە میوانەکانی خۆیان.

نووسەری ئەم بابەتە نەك هەر وەك مرۆڤێکی رووناکبیر هەوڵی نەداوە بە جۆرێك لە جۆرەکان راستەوخۆ رەخنە، پێشنیارەکانی رووبەڕووی رێکخراوێ ژنان، کە لە پەنای دەستی خۆیەتی بکاتەوە، تەنانەت وەك مرۆڤێکی خاوەن سەرنج و دڵسۆز بۆ بزووتنەوەی ژنانی کوردستان هیچ هەوڵێکی نەداوەو ئەو حەرەکەتانە کە ژنی کورد لە دژی ئەو هەموو زوڵمەی کە لێی دەکرێ و ئەو هەموو نابەرابەرییەی لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگە لەگەڵی بەرەوڕوویە ببینێ و چاوپۆشی لەو راستییە نەکا کە دەیان کچ و ژنی یەکسانیخواز، رۆژنامەنووس و وێبلاگ نووس، چالاکی مەدەنی... لە چاڵەڕەشەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە سەخترین هەلومەرج دان. یان ئەو ژنە بێبەش لە ژیانانەی کە لە ریزی حیزبە سیاسییەکان‌دا بەو هەموو گیروگرفتەوە خەباتی نەتەوەیی دەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ کێشەی ژن خەبات دەکەن.

پێویستە بە کاك مادێح بڵێم ئەگەر لە کوردستان تا ئێستا بزووتنەوەی ژنان بەو شێوە کە پێویستە شکڵی نەگرتووە هی نە جووڵانی ژنان نیە بەڵکوو هی دواکەوتوویی لە رادەبەدەری کۆمەڵگەو فکرەکانمانە. ئەگەر ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بزووتنەوەیەکی گەرموگوڕ دان، حکوومەت و دەوڵەت و یاسایان لە پشتە. بەڵام منی ژنی کورد ئێستاش دەبێ شەڕی ئەوە بکەم یاسایەك بچەسپێ کە ژن وەك مرۆڤ سەیر بکا: یا حەقی پێ‌بدرێ کە بۆخۆی بڕیار بدا. ژنی بەسەر نەیە. حەقی بەخێوکردنی منداڵی خۆی، دوای تەڵاق هەبێ. لەسەر پشتی لانك مارە نەکرێ. کە کەسێکی خۆشویست نەکەوێتە بەر غەزەبی بنەماڵە. حەقی کارکردنی هەبێ و مافی هاووڵاتیبوونی پارێزراو بێ. نووسەری ئەو بابەتە رەخنەش لە روانینی حیزبەکان دەگرێ.پێی وایە دامەزراندنی ئەم رێکخراوانە لەلایەن حیزبەکانەوە بۆ راکێشانی سەرنجی ژنانو رای گشتییە. بۆ روونکردنەوەی ئەم خاڵە پێویستە بڵێم کە:

١ـ دروستبوونی رێکخراوی ژنان بەتایبەت لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە پێی زەروورەتی کۆمەڵگە بووە و ئامانج لەو هێنانە مەیدانی ژنان بووە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان. کەواتە ناکرێ بڵێین ژنان بێ ئاگایانە چوونەتە ژێر سێبەری پیاوانەوە. ژنان لە نێو حیزب و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواری و پیاوانی نێو ریزی حیزب بۆ لای مەسەلەی یەکسانی هەوڵیان داوە. لەو بوارەدا توانیویانە بە هاوکاریی زۆرێك لە پیاوانی یەکسانیخوازی نێو ریزی شۆڕش هەر چەند بە لاوازیش بووبێ، پرسی ژن بکەنە پرسێکی گرینگ لە خەباتدا. هەر بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا حیزب هەم بواری بۆ ژنان رەخساندووە هەم هەوڵی داوە کە ژنان بتوانن لە ریزی هەرە پێشەوەی مەیدانی خەبات دا بن و تەنانەت بۆشایی ئامادەیی ژنان بە شێوەی گونجاو پڕبکاتەوە. ئەگەر ئەوەی ئێستا لە بەرنامەی حیزب دایە چەندین ساڵ و لە کۆنگرەکانی پێشوودا جێبەجێ بایە جێگەو پێگەی ژن شتێکی دیکە دەبوو. چونکە ژنانێکی زۆر خەباتکار لە ریزی خەباتدا هەبوون بەڵام بواریان کەم پێدرابوو.

٢ـ بە بڕوای کاك مادێح رێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکان بۆ راکێشانی سەرنجی ئەملاوئەولا دروست کراون. واتە رێکخراوەکانی ئێمە وەك بووکی پشت ویترین دێنە بەرچاو! من پێم وایە لەم بوارەدا تەواو بە هەڵەدا چووە. چونکە ئێمە تەنیا لە بواری سیاسییەوە بەستراوەییمان بە حیزبەوە هەیە. هەر وەك لە پێڕەوەکەمان دا هاتوە "ئامانجەکانی یەکیەتیی ژنان ئامانجە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتە" دەنا لە بواری بەڕێوەبەری دا هیچ دەستێوەردانێك لە لە کارەکانمان‌دا نەکراوەو لە بواری رێکخراوەییەوە تەواو سەربەخۆین. ئامانجیشمان نیشاندانی روخساری جوانی ژن نیە! ئامانجمان ئەوەیە کێشەی ژن لە لایەن پیاوانەوە، لە لایەن دەوروبەرەوە ببیندرێ و حەقی پێبدرێ.

٣ـ لە بواری هەڵاواردنی پۆزەتیڤەوە: تارادەیەك لەگەڵ کاك مادێح هاوڕام. یەکێك لەو ژنە پێشمەرگانە بووم کە ئەو هەڵاواردنەم پێ باش نەبوو. بەڵام هەر لە کاك مادێح و زۆر لە پیاوانی رووناکبیر دەپرسم کە ئایا بۆ ئەوەی ئەو مەودایەی نێوان پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگەی کوردییدا پڕ بکرێتەوە، یا ئەو هەموو بەربەستانەی کە لە بەردەم پێشکەوتنی ژنان‌دا هەیە لابچێ و دیوەخانی پیاوانە، حکوومەتی پیاوانە، دەسەڵاتی پیاوانە، تەنانەت مێژووی پیاوانەو زۆر شتی دیکە بکرێن بە مرۆییانە دەبێ رێگەچارەیەك بدۆزرێتەوە. ئەگەر دەسەڵاتی پیاوانە بواری بۆ بەشداریی ژنان رەخساند ئەو کاتە من و تۆ بە یەکەوەو لە یەك ئاستدا دەڕۆین و بە یەکەوە رۆڵ دەبینین.

٤ـ ئێمە دانەبڕاوین لەو راستییەی کە پێی دەڵێن بزووتنەوەی ژنان و هەوڵ و کارەکانمان لە چوارچێوەی کەمپەکان‌دا نیە. راستە زۆرتر لە نێو کەمپەکانی خۆمان سەرقاڵین. لەم بارەیەوە دەتوانن چاو لە ژمارەکانی گۆڤاری ژنان بکەن بۆ ئەوەی زیاتر ئاگاداری چالاکییەکانمان بن.

جگە لەمانە بە هەوڵی یەکیەتیی ژنان و دەستپێشخەری رێکخراوەکەمان هەوڵمان داوەو سەرقاڵی دروست کردنی کۆدەنگیەکین لە نێوان ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان چ ئەوانەی کە لە ریزی رێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دان و چ ئەو کەسایەتییانەی کە سەر بە هیچکام لە رێکخراو و حیزبەکان نین. کۆدەنگی و ناوەندێك کە هەمووومان کۆبکاتەوە، بەڵام سەر بە هیچ حیزبێك نەبێ و سەربەخۆ بۆ ژن کار بکا. تارادەیەکیش لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووین.

رۆژی ٢٤ رەشەمە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەندامانی یەکیەتیی ژنان رێوڕەسمێکیان لە دوو بەش دا پێکهێنا. بەشی یەکەمی کە بەڕێز ئەحمەدی و زۆر کەسی دیکەی ئازار دابوو و رەخنەیان لێ گرت، بۆ پێشوازی لە میوانەکانی رێوڕەسمی ٦٣ ساڵەی رێکخراوەکەمان پێك هاتبوو کە لەودا بە چێشتی کوردەواری و رۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازی لە میوانەکان کرابوو بەشەکانی دیکەی بۆ وتار خوێندنەوە، بەرنامەی هونەری و ئەدەبی تەرخان کرابوو.

بەڕێز ئەحمەدی! ئێمە لە بۆنەکاندا مافی ژنانمان وەبیر نەهاتۆتەوە بەڵکوو بەردەوام لە خەبات داین بەڵام دوای ئەو هەموو چالاکی و هەڵسوڕانە کە لەو ماوەیەدا کردوومانە وەك کولتووری کوردەواری کە بە گەرمی پێشوازی لە میوانەکانی دەکا حەزمان کرد وەك فەرهەنگێك کە کورد پێی دەناسرێتەوە کە ئەویش پێشوازی لە میوانە ئەو کارەمان کردوە، نەك بۆ ئەوەی ئێوەی پیاو پێمان بڵێن دەست خۆش! چونکە زۆریش هەن ئەو پیاوانەی کە دوای خواردنێکی خۆشی دەستی خێزانیشیان، ناڵێن دەست خۆش! خواردنی کوردەواری یەکێکە لە پێناسەکانی ئێمە لە تەنیشت پێناسەکانی دیکەدا. جا ئەو خواردنە چ ژن دروستی بکا چ پیاو. ساڵی ساڵان چەند کەس لە خەباتکارانی دێموکرات کە زۆرتر پیاو بوون لە کوردستانەوە بەڕێ دەکرانە وڵاتی فەڕانسە تا بۆ ناساندنی فەرهەنگی کوردەواری خواردن و چێشتی کوردەواری لە جێژنی ئۆمانیتەدا نیشان بدەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم رێکخراوی ئێمە کارتۆنی نیە. بە سەدان ئەندامی هەیە. ژنی زۆر چالاکی تێدایە. چاو لە دەستی پیاوانیش نابین و نین بەڵام پێویستیمان بە یارمەتیی دڵسۆزانەی ئەوان هەیە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان. پێویستیمان بە یەکگرتوویی لەگەڵ پیاواندا هەیە، بۆ ئەوەی بە یەکسانی بژین و دەسەڵات و حکومەت و یاساو... مرۆیی بن و پیاوانە نەبن و ژن و پیاو وەك یەك لە دەسەڵاتدا بەشدار بن و حوکمی وڵات یان حیزب یان هەر کۆمەڵێك کە تێیدا دەژین بکەن. بەڕێزتان لە بەرنامەیەکدا کە زۆر بەرنامەیەکی سەرکەوتوویە بە ناوی رەخنەودیالۆگ و لە کوردکاناڵ بڵاو دەبێتەوە کە زۆر بابەت دێتە بەرباس دەکەن، بەڵام وەك کەسێك کە نیگەرانی داهاتووی کوردستان و یەکسانیی ژن و پیاو و هەروەها مافی مرۆڤ یەکێك لەو ئامانجانەیە کە دەبێ لە داهاتوودا دەستەبەر بکرێ و بپارێزرێ، تائێستا لە بەر نامەکەی خۆت دا پرسی ژنتان نەکردۆتە تەوەرێکی بەرنامەکەتان و نەتانورووژاندە تەنانەت لە بۆنە نێونەتەوەییەکانیشدا کە هەموو راگەیەنە گشتییەکان گرینگیی پێدەدەن.

# لەمپەڕەکانی بەردەم لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە

جەلال حاجیزادە
و: تەها ڕەحیمی

بەشی سێیەم

لەکاتی واژۆکرانی پرۆتۆکۆلی ئانکاراوە لە ساڵی ١٩٦٣دا کە بەپێی ئەو تویکاری ئەندامەتیی تەواوی تورکیە قبووڵ کرا ٤٣ ساڵ رادەبرێ. لەو رێگەدا، بەربەستگەلێ لە سەر رێگەی بە ئەندام بوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپا هاتوونەتە بەرباس و لکانی ئەو وڵاتەیان بە ئورووپاوە وەدوا خستوە. گرینگترین لەمپەڕەکانی بەردەم لکانی تورکیە بەو یەکیەتییەوە بریتین لە :

**ج ـ ١): دیمۆکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ**

دوای کودێتای نیزامییەکان لە ساڵی ١٩٨٠دا، ئەو سەختەگیرییانەی کە دەوڵەتی نیزامیی تورکیە سەبارەت بە ئازادییە تاکەکەسییەکان و پێکهێنانی پارت و چەسپانی دێمۆکراسی نواندنی بوو بە هۆی نیگەرانیی ئورووپا. پێکهاتنی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوەیی و ئەندامەتیی نیزامییەکان لەو ئەنجومەنەداو چاودێری کردنیان بە سەر کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی تورکیەداو هەروەها پرسی کوردەکانیش بەو نیگەرانییەوە زیاد بوون. لەو سەردەمەدا دەوڵەت وێڕای بەربەرەکانیی کوردەکان، بەتوندی رووبەڕووی هەر چەشنە رەخنەگرتنێك لە حکوومەتی لائیک دا دەبۆوە. " ئازادی رادەبڕین لە تورکیە دا بەرتەسک بۆتەوەو مافی مرۆڤ لە نێو چووە." (٩) لەو دۆخەدا رەخنەگرانی ئورووپایی هەنگاوەکانی تورکیە لە پێوەندیی لەگەڵ داخستنی ئەو رۆژنامانەی کە دژی سیاسەتی دەوڵەتن مەحکووم دەکەن. هەروەها رەخنەیان لە راوەدوونانی نووسەران و رووناکبیران دەگرت" .(١٠) تورکەکان مژاری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ کە لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە خراوەتە بەرباس، بە دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی خۆیان دەزانن دیارە لەو سەردەمەدا لەژێر گوشاری یەکیەتیی ئورووپادا هەنگاوگەلێکی گرنگ لە بواری مافی مرۆڤ ، پرسی بەندییەکان و راگرتنی سزای ئیعدام هەڵێنرایەوە، کە لە ئورووپا پێشوازی لێکرا."ساڵی ١٩٩٤ تورکیە چاکسازییەکانی لەپێناو گەیشتن بە دیمۆکراسی دەست پێکرد، بەڵام هەنووکە بە تێپەڕینی زیاتر لە نیوسەدە لەو رێکەوتە، هێشتا مەودایەکی شایانی سەرنج لە نێوان ستاندارده پەسند کراوەکانی دیمۆکراسی لە وڵاتانی دیمۆکراتیك و سیاسەتەکانی تورکیەدا هەیە."(١١) بە تایبەت ئەو مەسەلەیە یەکێکە لە گەورەترین فاکتۆرەکانی بەردەم لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە. بەو روون کردنەوەیە گۆڕینی نێوەڕۆکی یاسای بنەڕەتیی تورکیە بە یەکێك لە رێگەکانی نەهێشتنی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەژمێردری، هەربۆیە لە دوایین لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیەدا جەخت لە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی دەکرێ." عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیە لە بەر ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی ئێستای تورکیە کێشەدەخاتە بەردەم ڕەوەتی ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا، خوازیاری گۆڕینی یاسای بنەڕتیی بووە."(١٢)

**ج ـ ٢): ئامادەیی نیزامییەکان لە گۆڕەپانیی سیاسی وڵات دا**

هێژموونی نیزامییەکانی تورکیە بەسەر سیاسەتەکانی ئەو وڵاتەوە زۆر لەمێژە جێگەی مشتومڕی جیدیە. ئەرتەش خاوەن پێگەیەکی حکوومەتییەو ئامادەییەکی بەرچاوی لە کۆمەڵگەی تورکیە دا هەیە. خەڵکی ئەو وڵاتە لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەرتەش پشتیوانی سیستمی سیاسییەو مانەوەی حکوومەت و سیستم بە ئۆتۆرتییەتی ئەرتەشەوە بەندە. دەستێوەردانە ئاشکراکانی ئەرتەشی تورکیە لە ساڵی ١٩٦٠وە دەستی پێکردو رێبەرایەتیی کودیتاکانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨١ی تورکیە و شێوە کودیتای ساڵی ١٩٩٧ ی دژی ئەربەکانی (سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی و سەرۆکی پارتی ریفاه) کرد. بەپێی ئامار لە ساڵی ١٩٢٣ ەوە (ساڵی دامەزرانی کۆماری نوێ) تا ساڵی ١٩٨٧، ئەرتەشی تورکیە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ٩ مانگ و ١٢رۆژ دەوری حکوومەتی گێڕاوەو ئامادەییەکی کاریگەری لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا هەبووە.(١٣) ئامادەیی بەهێزی ئەرتەش لە ئەنجومەنی تەناهی نەتەوەیی (١٤) کە بە یەکێك لە ناوەندی کاریگەرە بڕیادەرەکانی سیاسەتە گشتییە ئابوورییەکان و سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیە دەژمێردی، نیشانەی بەرچاوی دەوری سوپاییەکانە، ئەرتەش" بەدەستێوەردانی راستەوخۆ لە سیاسەتد بە بیانووی پاراستنی بایەخە سلکۆلاریستییەکان، بناخە لەرزۆکەکانی دیمۆکراسیی روو لە گەشەی وڵاتەکەیان خاپوور کردوە." (١٥) بیانووی سوپا بۆ گێڕانی رۆڵ و دەوری زیاتر لە کۆمەڵگەدا، لە کێشمەکێشە سیاسی و حیزبییەکان و بێ متمانەیە رۆڵی بنیاتنەری هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی تورکیەوە سەرچاوە دەگرێ. ئورووپا خوازیای کەمبوونەوەی رۆڵی ئەرتەش لە بڕیارە سیاسییە نێوخۆی و دەرەکییەکانی تورکیە دایە. کەواتە:" تورکیە ناتوانێ هاوکات وڵاتێکی دیمۆکراتیك و نیزامی بی"(١٦). بۆیە لە راپۆرتێکی توێژینەوەیی دا وەك دێموکراسییەکی نیزامی باس لە تورکیە دەکرێ (١٧) کە مەوداو جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ستاندارە راستەقینەکانی دیموکراسی دا هەیە.

**ج ـ ٣) کێشەی کورد**

پرسی کوردوسەرکوتکرانی لە لایەن ئەرتەشی تورکیەوە هەمیشە کەڵکەڵەیەکی نێوخۆیی و تەنانەت ناوچەیی ئەو وڵاتە بووە. کوردەکان تا بەرلە دەسبەرکرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان سەرۆکی پارتی pkk بەردەوام لە دژی دەوڵەت و ئەرتەشی تورکیە بۆ پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆو خۆبەڕێوەبەر هەر لە خەبات دابوون. لەو نێوانەشدا ئەرتەشی تورکیە بەکەڵك وەرگرتن لە چەکوچۆڵی نیزامیی قورس و نیوە قورس بەردەوام لەگەڵ کوردەکانی باشووری ئەو وڵاتەدا لە شەڕدابووە. بە گیرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان تا رادەیەکی زۆر تەوژمی خەباتی کوردان لە تورکیە دابەزی. سەرەڕای ئەوەی لە ژێر گوشاری رۆژئاوادا سیاسەتەکانی تورکیە بەرانبەر بە ناوچە کوردنشینەکان ئەرگەچی لەبنەمادا نەگۆڕا، بەڵام لە وڵات دا نەرمتر بووەو دەسەڵاتداران لەم بارەیەوە بۆ وڵام دانەوە بە ئورووپا بە دوای خستنەڕووی رێگەچارەیەکی گونجاوەوە بوون. پێویست بەوتنە سیاسەتوانان و نیزامیانی تورکیە سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان زۆر هەستیارن و زۆر بەگرژی دژی رادەوەستنەوە، دیارە یەکیەتیی ئورووپاش لە پێناو سەربەخۆیی کوردو پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بەڕوونی و لە کردەوە دا هەنگاوی نەناوە(١٨)" لەو کاتەوە کە پرسی کورد بۆتەوە لەمپەڕێکی گرینگی بەردەم پێوەندییەکانی تورکیە و جیهانی رۆژئاوا، دەوڵەتی تورکیە رووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی گەورە بۆتەوەو بەو حاڵەشەوە ئوزال هەوڵی دا بە پەرەدان بە ئازادییە فەرهەنگی و سیاسییەکان بەتایبەت بەفەرمی ناسینی شوناسی کورد لە تورکیەدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکا. کاتێك ساڵی ١٩٩١ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت درێژەی بەو هێڵە سیاسییەداو یەکیەتیی ئورووپاش پێشوازیی لێکرد. بەڵام هێندێك توندڕەوی نەتەوەیی و نیزامیی تورك دژی ئەم سیاسەتە راوەستان چونکە بانگەشەیان ئەوە بوو کە ئەو چەشنە سیاسەتە هەڕەشەیە بۆ سەر یەکیەتی و یەکپارچەیی دەوڵەتی تورك، بەتایبەت دوای مردنی لە نەکاوی ئوزال لە ساڵی ١٩٩٣ دا، حکوومەتی تورکیە سیاسەتەکانی بەلای داخوازیی توندڕەوکاندا شکاندەوەو گۆڕیی." (١٩) لە راستی دا دوای مردنی ئۆزال پێکهێنانی هاوسەنگیەکی هەرچەند لەزۆرك پێنج ساڵی ماوە دەویست لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی تانسۆ چیللەر لە بەرانبەر کوردا کێشەو ململانێیەکی گەورەی لە حکوومەتی تورکیە دا خستەوە. چیللەر بە پێی پرۆتۆکۆلی هاوپەیمانیەکەی، بەڵێنی درێژەی خەبات دژی تیرورسیمی بە لەبەرچاو گرتنی مافی مرۆڤدا. دەوڵەتە هاوپەیمانییەکەی لافی ئەوەی لێدەدا کە رەوشی نائاسایی نامێنێ و سیستمی جەردەوانانی گوندەکان خرِدەکرێنەوەو هەروەها تەنگوچەڵەمە گەورەکانی بەردەم ئازادیی رادەربڕین و شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگی هەڵدەگیرێ. هەروەها دەربارەی پرسی کورد لە ئوکتوبەری ١٩٩٣دا باسێکی دیکەی دەسپێکرد تا مودێلێکی پێشکەوتوو لە تورکیە جێبەجێ بکا، بەڵام ناوبرا نەك هەر پێشنیارەکانی مودیلی باسکی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کوردان لەبەرچاو نەکرت ئەو بەڵێنانەی کە لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلی هاوپەیمانێتی دا دابووی لەبیر بردنەوە. لەراستیدا لە ساڵی ١٩٩٣ بەملاوە لەژێر ناوی خەباتی دژی تیرۆریزیم دا بەشەڕ لەگەڵ pkk بیروڕای گشتی دەرهەق بە کورد بەلاڕێدا بردو ساڵی ١٩٩٤ ماوەیەك دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا کە چاوەڕوان دەکرا رێککەوتنی گومرکی کۆتایی پێ بێ، ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیە جێگرە ئەمنییەنییەکانی پارتی کرێکاریی کوردی لە سەر کار لابردو دادگەی ئەمنییەتی تورکیەش زیندانی زۆر قورسی بەسەردا بڕین، ئەو ئاکارانەی تورکیە بوو بە هۆی وروژانی کەڵکەڵەیەکی زۆر لە یەکیەتیی ئورووپا داو هاوکات یۆنان لە یەکیەتیی ئورووپا مافی ڤێتوێ بەکار هێناو لە ئاکام دا رێککەوتنی گومروکیی تورکیە - یەکیەتی ئورووپا دیسامبری ١٩٩٤ بە پەسندنەکراوی مایەوە. ئەو رەوشە بوو بەهۆی بەهێزبوونی بانگەشەی ئەو بەرپرسە تورکانەی کە یەکیەتیی ئورووپایان بەپشتیوانی کردن لە pkk تۆمەتبار دەکرد. بەڵام داواکانی یەکیەتی ئورووپاش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ لێدوانەکانی پرۆتۆکۆلە هاوپەیمانییەکەی چیللەر نەبوو. ئورووپا داوای لە تورکیە کرد بۆ چارەسەر کردنی سیاسیانەی پرسی کورد زیاتر هەوڵ بدا. جگە لەوەش، راگەیەنرا کە یەکپارچەیی تورکیە دەبێ لەسەر بنەمای مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانی کورد بپارێزی . کەس پێشنیاری جیابوونەوەی کوردی لە تورکیە نەکرد. گەشەو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیی و ئابووری لە ناوچە کوردنشینەکان دەیتوانی یارمەتیدەری پێکهێنانی کەشێکی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە دەوڵەتێکی یەکپارچەیی پێکهاتوو لە گرووپە جیاوازەکان بێ. سەرەڕای کێشە بەراییەکان لەگەڵ یەکیەتی ئورووپا، تورکیە توانی ئورووپا ناچار بکا لە مارسی ١٩٩٥دا رێککەوتنی یەکیەتی گومروکی واژۆ بکا. بەدوای ئەو رێککەوتنەدا سیاسەتی چیللەر لە بەرانبەر کورد دا گۆڕا چونکە جگە لە یەکیەتی ئورووپا، رێکخراو و وڵاتانی رۆژئاوایی ئاستی رەخنەکانیان لە دۆخی مافی مرۆڤ لە تورکیەو هەڵسوکەوتی ئەو وڵاتە لەگەڵ کورد دا بەرزکردەوە. بۆ وێنە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥، وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راپۆرتێك دا رەوشی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٩٤ی تورکیەی زۆر بە نالەبار لە قەڵەم داو بەپێی ئەو راپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، شەڕی تورکیە لەگەڵ pkk ...١٤/ قوربانیی لێکەوتۆتەوە. هەروەها لەم راپۆرتەدا کوژرانی گومانایی کوردەکان لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیەو ئەشکەنجەدرانیان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە و بەتوندی مەحکووم کراوە. چیللەر هەستی کرد بۆ کەم کرنەوەی ئاستی رەخنەکان و گرەنتی پەسندبوونی رێککەوتنە گومروکییەکەی لە پارلمانی یەکیەتیی ئورووپادا دەبێ چاوێك بە سیاسەتە نیزامییەکانی لە بەرانبەر pkk دا پخشێنێتەوە، بەڵام لەلایەکیشەوە نیگەرانی لە دەست دانی لایەنگرە توندڕەوکانی و گەشەی ئازادییە دیموکراتیك و فەرهەنگییەکان بوو، بێگومان ئەو توانی رۆژئاوا بێنیتە سەر ئەو بڕوایەی کە pkk رێکخرادێکی تیروریستییەو پێوەندییەکانی تورکیە لەگەڵ رۆژئاوا تا ئەو جێییە دەڵوێ لە کێشەی کوردو تورکیە جیا بکرێتەوە. بەرپرسی پەرەپێدانی یەکیەتی ئورووپا لە نوێترین لیدوانەکانی دا روو بە سیاسەتوانانی تورك دەڵێ هەنگاوە دژی تیرۆریستییەکانی ئەو وڵاتە دژی pkk نابێ بێتیە هۆی بەرتەسك بوونەوەی مافی مرۆڤ "(٢١) ئەو دۆزە هەمیشە بۆتە هۆی نیگەرانیی بەرپرسانی ئورووپا بەجۆرێك کە یەکێك لە تەوەرە گرێنکەکانی دانوستانەکانی ئەو یەکیەتییە بۆ وەرگرتنی تورکیە بووە. هەر لەم روویەوەیە کە یەکیەتی ئەورووپا تورکیەی وریاکردەوە کە دەبێ رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ قەیرانی کورد لەو وڵاتە بدۆزێتەوە. هەواڵدەریی ئیسنا لە زاری هەواڵدەری ئاڵمانەوە بڵاوی کردەوە:" یەکیەتی ئورووپا داوای لە تورکیە کرد وەك کاندیدایەکی ئەندامەتیی ئەو یەکیەتییە دەبێ سەرنجی زیاتر بە مافی بنەڕەتی و دیمۆکراتێکی کورد لەو وڵاتە بدا. هەروەها هاوکات داواشی لێکرد هەر جۆرە چالاکییەکی نیزامی دژی کورد توندڕەوکان راگرێ. ئای رێن، کۆمیسێری پەرەپێدانی یەکیەتیی ئورووپا لە بارەی لێدوان و هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکانی تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ بە ئەندامبوونی لە یەکیەتیی دا وتی: ئەو ململانێیە دەبێ لە رێگەی سیاسیەوەی چارەسەر بکرێ

ناوابراو هەروەها دەڵێ : " تورکیە دوای تێپەڕاندنی قەیرانی هەڵبژاردنەکان و هەڵبژاردنی عەبدوڵڵا گویل وەك سەرکۆمارێکی کۆنسێرڤاتیڤ و ئایینی دەبێ خۆی بۆ چاکسازیی زیاتر ئامادە بکا. بەر لە هەموو شتێك ئازادیی بیروڕاو ئایین دەبێ لەو وڵاتەدا بەهێز بکرێ." (٢٢)

**ج) ناسەقامگیریی ئابووریی**

سەرەڕای ئەو هەموو کێشە سیاسییە کە هەر جارناجارێك زێدەتریش دەبێ، هێندێك لەسەر ئەو بڕوایەن هۆی سەرەکیی وەرنەگیرانی تورکیە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە پێوەندیی بە ئابوورییەوە هەیە. هەر چەند تورکیە لەم چەند ساڵەی دوایی دا توانیویەتی بە بەرنامەیەکی چەندین ساڵە هەڵاوسان دابەزێنێ و تا رادەیەك بارودۆخی ئابووری بەرەو باشی بەرێ بەڵام هێشتاش ئابووریی ئەو وڵاتە پێگەیەکی سەقامگیری نیەو بە سانایی تێك دەڕوخێ. (٢٣)

سەرەڕای ئەوەی کە تورکیە بەرزترین نرخی گەشەی ئابووریی لە نێو وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشە OECD لە دەیەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ دا هەبووە، بەڵام پێکهاتەی ئابووریی ئەم وڵاتە لە چاو وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا لاوازیی زەقی پێوە دیارە. ئەگەرچی سنعەتە بەرهەمهێنەرەکانی ئەو وڵاتە لە دەیەی رابردوودا گەشەیەکی بەر چاوی کردوە، هێشتاش زیاتر ٤٠٪ی هێزی کاری ئەو وڵاتە بە کشتوکاڵیەوە خەریکە. ئەوە لە حاڵێکدایە بەشی چنین و رستنی تورکیە لە بازاڕەکانی جیهاندا ئەوەندە بەهێز بووە کە وڵاتانی یەکیەتی ئورووپاو ئەمریکای ناچار کردوە قانوونی "دژە پاوانکار"ی بێننە گۆڕێ، بەڵام زۆربەی سنعەتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لە بواری کوالێتی بەرهەم هاتن، کارو رێژەی وەبەرهێنان توانای دەرکەوتنیان لە بازاڕە جیهانییەکاندا نیە. (٢٤)

بە پێی دوایین مەزەندەی کۆمیسیۆنی ئابووریی ئورووپا، لکانی تورکیە بە یەکیەتیی. ٢٨ میلیارد یورۆ بۆ ئەو یەکیەتییە هەڵدەگرێ. (٢٥) بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٤ لە بارەی ئابووریی تورکیەوە، گەشەی ئابووری ٨/٢٪، بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی ٥٠٨ میلیارد دۆلار (١٩ میلیارد دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٣)، هاوردە کردن ٩٥ میلیارد دۆلار (٦٢ میلیارد دۆلار زیاتر لە ساڵی ٢٠٠٣)، قەرزە دەرەکییەکان ١٦٠ میلیارد دۆلارو گەشەی سەنعەتی ١٦/٥٪ بوە. (٢٦) بە پێی دوایین ئامار (٢٠٠٥) نرخی گەشەی ئابووریی تورکیە ٥/١٪، نرخی بێکاری ١٠٪ و نرخی هەڵاوسان٧/٧٪ بووە. لە حاڵێکدا بەرهەمی نێوخۆیی تورکیە ٥٧٢ میلیارد دۆلارە. بە پێی ئامار رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێوەری رێژەیی وەبەرهێنانی دەرەکی لە چاو بەرهەم هێنانی نێوخۆیی ٦٪ بوە. بەڵام سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی باس کران، بە بڕوای شرۆڤەکارانی ئابووری، ئابووریی تورکیە کاتێك دەکەوێتە بەستێنی جێگرتوویی گەشەوە کە ئاستی خۆش بژیوی گشتی لە وڵاتەدا باشتر بێ و پێوانەکانی خۆش بژیوی کۆمەڵایەتیی زیاد بن. زیادبوونی ٢٪ی حەشیمەتی ژێر هێڵی هەژاری لە ساڵی ٢٠٠٣ لە چاو ٢٠٠٢ و کەلێنی ئاستی داهات لە نێوان توێژەکانی خوارەوەو سەرەوەی کۆمەڵگە (٢/٣٪ بۆ خوارترین توێژەکان و ٣٢/٣٪ بۆ بەرزترین توێژەکان) لە ساڵی ٢٠٠٤دا دەربڕی ئەم دۆخەیە.

ئەو دۆخە، واتە نەبوونی پێوەندیی لۆژیکی نێوان ئاستی گەشەی ئابووری لەگەڵ پێوانەی خۆش بژیویی گشتی لەو وڵاتەدا، لە روانگەی بەرپرسانی یەکیەتیی ئورووپاوە خاڵی لاوازی چاکسازییە ئابوورییەکانی تورکیە. (٢٧) لە راستیدا یەکیەتیی ئورووپا، گەشەی راستەقینەی تورکیە لە رێکوپێکی پێوەرە خۆش بژیوییە گشتییەکانی تورکیە لەگەڵ ستانداردەکانی ئورووپایی، دوای بە ئەندام بوون دەبینی. دامەزرانی ئەو هاوئاهەنگییە کێشەی گەورەی بەرپرسانی تورکیە دەبێ.

# به‌و پیاوه پێده‌که‌نم که ناموسوکه‌ی له پاراستنی په‌رده‌ی کچێنیی کچانی نیشتمانێکدا ده‌بینێ که جێی هێشتوه

**وه‌نه‌وشه میرموکری**

چه‌ند جار ده‌گه‌ڕێمه‌وه سه‌ر ئه‌و هه‌واڵه‌ی ماڵپه‌ڕی ئینتیگراسیۆنی ئاڵمان و دوای داخستنه‌وه‌ی دیسان کرته‌ی له سه‌ر ده‌که‌مه‌وه. کرته کردنه‌کانم وه‌ك چزبزه‌که‌م ئه‌وه‌نده تووڕن، که هه‌موو جارێ چه‌ند لاپه‌ڕه‌ی نه‌خوازراو له‌گه‌ڵی سه‌ر شاشه‌ی کامپیوتێرو به‌ر چاوه ماندووه‌کانم ده‌کرێته‌وه. دیسان هه‌ست ده‌که‌م پێویسته بنووسم. چونکه منیش وه‌کوو هه‌موو نووسه‌رێك وێنه‌ی هاواره ره‌شه‌کانم له سه‌ر ته‌ته‌ڵه‌یه‌کی سپی ده‌نووسمه‌وه. تلویزیۆنی ٢و کاناڵی ZDF ی ئاڵمانیش هه‌واڵه‌که بڵاوده‌که‌نه‌وه " کوژرانی کچێکی ٢٠ ساڵه‌ی بنه‌ماڵه‌یه‌کی کۆچه‌ری کورد له ئاڵمان له لایه‌ن براکه‌یه‌وه به تاوانی دڵداری!!!"

بینینی چاوه مۆله‌ق وه‌ستاوه‌کانی بێژه‌ره‌کانی تلویزیۆن سه‌یره کاتێك که هه‌واڵی کوژرانی ئه‌و کچه ٢٠ ساڵه‌یه‌یان که ناوی کولسوومه‌و به‌بیانووی پاراستنی شه‌ره‌ف و نامووس! به ده‌ستی براکه‌ی کوژراوه ده‌خوێنده‌وه. به‌ڵێ "قه‌تلی ناموسی" ئه‌و سه‌ردێڕه درۆیینه به لایه‌کی دیکه‌شدا من و هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ی وه‌ك من بیر ده‌که‌نه‌وه ئازار ده‌دا. ئه‌گه‌رچی هه‌واڵه‌که پێوه‌ندی به باکووری کوردستانه‌وه هه‌یه، به‌ڵام پێموایه گشت گیری ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به کۆمه‌ڵگه‌ی خۆشمانه‌وه راست ده‌رده‌چێ. خۆ زۆر له مێژ نیه فریشته نه‌جاتی له مه‌ریوان هه‌ر به‌م بیانوویه به ده‌ستی باوکی کوژرا. له باشووری کوردستانیش [دوعا]کچه کورده ئێزه‌دییه‌که به‌م شێوه درندانه‌یه کوژرا. به‌رپرسایه‌تیی ئه‌و درنده‌گه‌ری و به‌ربه‌ریتیه که له کۆمه‌ڵگه‌دا حاکمه له ئه‌ستۆی کێیه؟

ئه‌و توندوتیژی، ده‌مارگرژی و هێژموونیخوازی و هه‌ستی خاوه‌ندارێتییه‌ی پیاو به سه‌ر ژن دا چیه که بۆته په‌تای ئه‌و فه‌رهه‌نگه چه‌ند هه‌زار ساڵه‌یه‌ی ئێمه‌ی کورد؟ توندوتیژییه‌ك که رۆژ به رۆژو به هۆی ره‌واییپێدانی یاساییه‌وه له هه‌ڵکشان و به‌رزبوونه‌وه دایه. به راستی نامه‌وێ شتی سواو بڵێمه‌وه به‌ڵام هه‌رچه‌ند ده‌ردو داخ و که‌سه‌ره‌کان وه‌رد ده‌ده‌مه‌وه ده‌بینم کۆمه‌ڵگه‌که‌مان ئه‌وه‌نده دواکه‌وتووه که ده‌ردو مه‌ینه‌تییه‌کانی هه‌ر ئه‌وانه‌ن که هه‌ر هه‌میسان ده‌گوترێن و ده‌نووسرێن. لێکدانه‌وه‌کانیش هه‌موویان به هێندێك جیاوازییه‌وه راست ده‌رده‌چن. هه‌ر ئه‌و خه‌م و په‌ژارانه که نه چووکه‌ن و نه گه‌وره‌ن. که‌میش نین به‌ڵام واش نین که چاره‌سه‌ر ناکرێن. به‌ڵام له‌و نێوه‌دا ده‌ستێکی به هێزی یاسایی نیه که به هانای رووناکبیرانه‌وه بێ و له‌گه‌ڵ رووناکبیران له‌و پێناوه‌دا ده‌ست بخه‌نه ده‌ستی یه‌ك. ئێمه‌ش هه‌ر جاره‌و به نووسینی بابه‌ت و باسێکی نوێ کاوێژی ده‌رده له‌مێژینه‌کانمان ده‌که‌ینه‌وه به شێوازێکی نوێ! بۆیه دیسان ده‌ڵێین: توندوتیژی فیزیکی و ده‌روونی دژی ژن، جیاوازیدانان، هه‌ستی به خاوه‌ن بوون به‌سه‌ر جه‌سته‌و رۆح و هزری ژن که ده‌رخه‌ری پڕشووره‌یی تێڕوانینی ره‌گه‌زییه که له رێگه‌ی سه‌پاندنی له‌چکه‌و سه‌رپۆش و له‌شپۆش به‌رته‌سك کردنه‌وه یا رێگرتن له پێوه‌ندیی خۆشه‌ویستی و عه‌شقێك که پێویستیی گه‌شه‌کردنی ژن یان خودی پیاوه، هه‌روه‌ها سنووردار کردنی پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان به بیانووی پاراستنی شه‌ره‌فی گشتی (که به دڵنیاییه‌وه مه‌به‌ست له پاراستنی شه‌ڕه‌فی ئه‌و پیاوانه‌یه که ته‌نیا شعووری جینسیان ئه‌ویش ئاژه‌ڵیانه گه‌شه‌ی کردوه)، به‌و مانایه که تاوانی ورووژانی مرۆڤێك، مرۆڤێکی دیکه که (ژنه)، ده‌بێ به زیندانی کردنی خۆی بیدا. هه‌موو ئه‌و ئه‌و نموونانه نیشانه‌ی هه‌ستی خۆبه‌زلزانی و هێژمونیخوازی پیاوانه‌ن یان به واتایه‌کی دیکه له چۆنییه‌تی هزری پیاوسالارانه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرن که به‌شێك له پێکهاته‌ی سه‌ره‌کی ده‌سه‌ڵاته‌کان بووه و و ده‌سه‌ڵاته‌کان به‌رگریی لێ ده‌که‌ن. هه‌نووکه له سیستمی فه‌رمانڕه‌وایی ئێرانیشدا ئایین وه‌ك گۆپاڵێك به سه‌ر ژنانه‌وه‌یه‌و پشتیوانیی ئه‌و پیاوانه‌ی له پشته که به هۆی نه‌بوونی تێگه‌یشتنی به‌رزی مرۆیی و په‌روه‌رده‌بوون هه‌ر له‌و کۆمه‌ڵگه پیاوسالاره‌دا پێیان وایه یه‌کسان بوون له‌گه‌ڵ ژن و وه‌ك مرۆڤ له ژن روانین ئه‌و مه‌ترسییه‌یه که له بۆسه‌ی "پیاوه‌تی"یان دایه و تووشی نه‌خۆشی گه‌پچاڕانه‌ی "یه‌خته‌ییان" ده‌کا.

دیاره نکۆڵی له‌و خاڵه مێژووییه ناکه‌ین که له هه‌موو شارستانییه‌ته‌کاندا ئه‌و دواکه‌وتوویه هه‌بووه‌و مافه‌کانی ژن له زۆر بواری وه‌کوو کۆمه‌ڵایه‌تی، ئابووری و بنه‌ماڵه‌یی‌دا به‌رته‌سکه ئه‌وان به شێوه‌یه‌کی سیستماتیك له ژێر ده‌سه‌ڵات و رکێفی پیاوان دان. به‌ڵام ده‌بێ ئه‌وه‌شمان له بیر بێ که له‌و کۆمه‌ڵگایانه‌دا هه‌ر که عه‌قڵ زاڵ بووه به‌سه‌ر غه‌ریزه‌کان دا به شێوه‌یه‌کی رێژه‌یی سیستمی پیاوسالاریی له کۆمه‌ڵگه‌دا پاشه‌کشه‌ی کردوه‌و ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یانه به‌ره‌و پێشکه‌وتن هه‌نگاویان ناوه. حاشا له‌و راستییه‌ش ناکرێ له زۆربه‌ی ئه‌و کۆمه‌ڵگانه‌ی فشاری له راده‌به‌ده‌ری نایه‌کسانی له هه‌موو لایه‌نه‌کاندا به‌رچاو ده‌که‌وێ ، ئه‌وه ده‌ستووراتی ئایینه که له رێگه‌ی ئامۆژگاری و ره‌وشته‌کانییه‌وه پشتیوانیی له ژنان کردوه، به‌ڵام هه‌ر ئه‌م ئامۆژگاری و ره‌وشتانه‌ش که له باره‌ی هاندانی پیاوان بۆ هه‌ڵکردن له‌گه‌ڵ ژنان دواون باسی یه‌کسانیی ژن و پیاوی تێدا به‌دی ناکرێ! ئه‌و ئامۆژگاری و فه‌رمانانه‌ی ئایین به جۆرێکن ده‌ڵێی مافی ژن، مافێکه که پیاو له به‌شی خۆی و به خێری خۆی داوییه به ژن. که من به "سه‌ده‌قه‌ی ئایینی" ناو ده‌به‌م. سه‌یر له‌وه دایه که ئه‌و سه‌ده‌قه ئایینییه‌ش به ته‌واوی و وه‌ك هه‌یه به ژن نادرێ، بۆ وێنه به‌شه میراتی کچ که نیوه‌ی کوڕه، به حاڵه‌حاڵێش له چوار به‌ش به‌شێکی به‌رناکه‌وێ.

به‌هه‌ر حاڵ بۆ ئه‌وه‌ی له باسه‌که‌م دوور نه‌که‌ومه‌وه، ده‌گه‌ڕێمه‌وه سه‌ر کوژرانی کولسووم که هۆکاره سه‌ره‌کییه‌که‌ی هه‌ر ئه‌و بیرو بۆچوونه دارزیوه پیاوسالاره‌یه و ئه‌و هه‌سته ئازارهێنه‌ره واته خۆ به‌خاوه‌ن زانینی ژنه. کولسووم ده‌کوژرێ چونکه بڕیار نیه که خاوه‌نی رۆح و سۆزی خۆی بێ، ئه‌و "نامووس"ـه. به دڵنیاییه‌وه کولسووم شاره‌زای تێڕوانینی بنه‌ماڵه‌که‌ی بووه، به‌ڵام پێشکه‌ش کردنی دڵ و رۆح و ژیان به‌و که‌سه‌ی خۆشی نه‌ویستووه راست ئه‌و شته‌یه که غیره‌ت و پیاوه‌تیی پیاوانی خاوه‌ن بیرو بۆچوونی پیاوسالار ناتوانێ لێی تێ بگا. هه‌ر وه‌ك چۆن توانای تێگه‌یشتنی له هاواری ئه‌و ژنه نیه که به به‌خۆدا کردنی نه‌وت به سه‌ر خۆیدا کاره‌ساتاویترین مردن هه‌ڵده‌بژێرێ که به هۆی گرینگی نه‌دان به خواسته‌کانی و به نیشانه‌ی ناڕه‌زایه‌تی له بایه‌خه خێڵایه‌تییه‌کان خۆی ده‌سووتێنێ و به زمانێك ناڕه‌زایه‌تیی خۆی ده‌رده‌بڕێ که له‌و پێکهاته تووڕێه فێری بووه.

پێکهاته‌یه‌کی زبرو توندوتیژ که تێیدا ژن ته‌نیا ماتریاڵێکی جنسییه‌و ده‌بێ بپارێزرێ. ژن له ته‌واوی ئه‌و پێکهاته‌یه‌دا ته‌نیا ئامرازێك و ئه‌ندامێکی زاوزێیه بۆ خۆبه‌تاڵ کردنه‌وه‌و ده‌بێ داپۆشرێ. هه‌ر ئه‌و جۆره روانگه‌یه‌یه ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی که ئه‌و کاڵایه بکردرێ و بفرۆشرێ و له ئاکامدا بفه‌وتێنرێ.

"به نامووسی ئه‌م چه‌شنه پیاوانه پێده‌که‌نم ... پێکه‌نینم دێ به بایه‌خه چه‌قبه‌ستووه‌کانی چاخی به‌ردین له جیهانی مودێرن-دا"، و ئێمه ئێستاش داماو و دیلی ده‌ستی چه‌قبه‌ستووین و ئه‌و کات:

**هفت شهر عشق را عطار گشت**

**ما هنوز اندر خم یک کوچه‌ایم**

> **له‌و کۆمه‌ڵگایانه‌دا هه‌ر که عه‌قڵ زاڵ بووه به‌سه‌ر غه‌ریزه‌کان دا به شێوه‌یه‌کی رێژه‌یی سیستمی پیاوسالاریی له کۆمه‌ڵگه‌دا پاشه‌کشه‌ی کردووه ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یانه به‌ره‌و پێشکه‌وتن هه‌نگاویان ناوه**

**بۆ ناردنی بابه‌ته‌کانتان بۆ لاپه‌ڕه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی پێوه‌ندی به‌م ئیمه‌یله‌وه بگرن:**
komelayeti@hotmail.com

## سۆژنه

# لاوان له گێژه‌نی بێکاری دا

**عه‌لی بداغی**

بێکاری یه‌کێك له هه‌ره کێشه‌و قه‌یرانه کۆمه‌لایه‌تییه‌کانی ئێستای کۆمه‌ڵگای ئێرانه. به جۆرێك که ره‌وتی رووله هه‌ڵکشانی نرخی بێکاری به‌رده‌وام یه‌کێك له که‌ڵکه‌ڵه سه‌ره‌کییه‌کانی کارناسانی ئابووریی وڵات و گرووپ و توێژه جیاجیاکانی کۆمه‌ڵگه‌ی ئێران بووه.

لاوان، ژنان، ده‌رچووانی زانکۆو خاوه‌ن بڕوانامه ئاکادیمییه‌کان و کۆمه‌ڵانی ناوچه بێبه‌ش و له دواکه‌وتوویی راگیراوه‌کان، زۆرترین حه‌شیمه‌تی بێکاری ئێران پێك ده‌هێنن. ئاماره فه‌رمی و نافه‌رمییه‌کان به‌رچاوروونییه‌کی زیاترمان له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ دیارده‌ی بێکاری له ئێراندا پێ ده‌ده‌ن. له‌و نێوه‌دا ئاماره‌کانی دوو ناوه‌ندی سه‌ره‌کیی وه‌ده‌سهێنانی ئامار، واته بانکی ناوه‌ندی و ناوه‌ندی ئامار له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ نرخی بێکاری له ئێراندا زۆر له یه‌کتر جیاوازن. ناوه‌ندی ئامار نرخی بێکاری له ئێرانی له ساڵی ١٣٨٧ی هه‌تاویدا ١٤٪و حه‌شیمه‌تی بێکاری ئێرانیشی به لانیکه‌م ٣میلیون که‌س خه‌ملاندوه.(١) به‌ڵام بانکی ناوه‌ندی نرخی بێکاری له ساڵی ١٣٨٧ی به‌٩.٦٪ و ژماره‌ی بێکارانی وڵاتی ٢میلیون و دووسه‌د هه‌زارکه‌س راگه‌یاندوه. که‌چی ئابووریناسه سه‌ربه‌خۆو کارناسه ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی وه‌ك دوکتور فه‌ریبوورزی ره‌یس دانا ده‌ڵێن که له ئێراندا زیاتر له ٤میلیون که‌س وه‌ك هێزی کاری ئاماده له هه‌لی کار بێبه‌شن و بێکارن.[ دیاره له ئاماره ره‌سمییه‌کاندا که‌سانی ده‌ستگێڕو ئه‌وانه‌ی کاری ره‌ش ده‌که‌ن یان له یه‌کێك له وه‌رزه‌کانی ساڵدا هه‌لی کاریان بۆ ده‌ڕه‌خسێ، وه‌ك که‌سانی بێکارو چاوه‌ڕوانی هه‌لی کار حیسابیان بۆ ناکرێ و له ئاماری بێکاران ده‌رده‌هاوێژرێن.] پشکی لاوانی ١٨تا٢٥ ساڵ له‌و حه‌شیمه‌ته بێکاره ٢٥.٦ ٪ه (٢) ئه‌وه‌ش له جێی خۆی که به‌شێکی زۆر له لاوان له‌و ته‌مه‌نه‌دا به‌هۆی خوێندن له زانکۆو ناوه‌نده په‌روه‌رده‌یییه‌کان دا عه‌و داڵی کارکردن و په‌یدا کردنی کارنین. به‌شی لاوانی زانکۆ دیتوو ده‌رچووی ناوه‌نده ئاکادیمییه‌کانیش له حه‌شیمه‌تی بێکاری ئێران ١٢له‌سه‌ده.(٣) به‌رده‌وامیی بێکاریی خوێنده‌وارانی زانکۆیی ده‌ربڕی راستییه‌کی تاڵی دیکه‌شه.ئه‌وه‌ی که کارکردن له ئێران و گه‌شه‌ی ئابووریی وڵات زۆر پشت ئه‌ستوور به‌کارناسان و لێزانانی ته‌یار به زانستی رۆژو سه‌رده‌م نیه، یان هه‌ر له‌بنه‌ڕه‌ت دا رێژیم به‌پێویستی نازانێ له‌و هێزه به‌هێزه که‌لکی پێویست وه‌ربگرێ. ئه‌وه له حاڵێك دایه که له وڵاتانی دیکه‌ی رووله‌گه‌شه هێزی لاوی زانکۆ دیتووو خوێنده‌وار زۆر به‌خێرایی وبه له‌به‌ر چاوگرتنی سه‌ره‌تی و ئیمتیازی تایبه‌ته‌وه ده‌چنه‌نێو بازاری کاری وڵاته‌کانیانه‌وه. کێشه‌ی بێکاری ژنان و به‌تایبه‌ت ژنانی لاویش له جێی خۆی که به سه‌رهاتێکی ته‌واو جیاوازه. راده‌ی بێکاریی ژنانی لاوی ١٥تا٢٥ ساڵ ٢٩.٣٪ ه که له‌چاو نرخی بێکاری له‌گه‌ڵ پیاوانی ئه‌و ته‌مه‌نه زۆر زیاتره. ژنانی خوێنده‌واری زانکۆییش پشکی خۆیان له حه‌شیمه‌تی بێکارانی وڵات ١٦.٧٪ که زۆر زیاتره له چاو لاوانی پیاوی خوێنده‌واری ئه‌و ئاسته ته‌مه‌نییه‌دا. هۆکارێکی دیکه‌ی وه‌ك چوونه سه‌رێی رێژه‌ی ته‌ڵاق و زێده‌تربوونی ژماره‌ی ئه‌و خێزانانه‌ی ژنان سه‌رپه‌رستییان ده‌که‌ن و هه‌ڵیان ده‌سووڕێنن، له‌و دۆخه ناله‌باره‌ی کارو بازاری کارو نه‌بوونی هه‌لی کار بۆ ئه‌و ژنانه‌دا بواری بۆ زۆر دیارده‌و خه‌ساری دیکه‌ی وه‌ك له شفرۆشی، ئیعتیادو ده‌ست بردنه به‌ر تاوانه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان خۆش کردوه‌و له ساده‌ترین حاڵه‌ت دا ره‌وتی بردنه ژێر هێڵی هه‌ژاریی ئه‌و خێزانانه‌ی خێراتر کردوه.

بێگومان له هه‌موو وڵاتانی دنیادا هه‌بوونی حه‌شیمه‌ت و هێزی لاو وه‌ك گه‌وره‌ترین سامان و سه‌رمایه‌ی نیشتمانیی ئه‌و وڵاتانه دێته ژمارو هه‌ر ئه‌و هێزه‌چالاك و خوڵقێنه‌ره گرینگترین پشیوان و گه‌ره‌نتیی گه‌شه‌سه‌ندنی وڵاته‌که‌یانن. به‌ڵام بێکار بوونی ٢٥ ٪ حه‌شیمه‌تی لاوی ئێران له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زیانێکی قه‌ره‌بوو نه‌کراوه‌و نه‌خه‌ملێندراوی له ئابووری و ره‌وتی گه‌شه‌کردنی وڵات داوه، کۆمه‌ڵێك خه‌سارو زیانی مه‌ترسیداریشی تووشی لاوان کردوه. له ئه‌نجامی ئه‌و ته‌نگژه و گرفتانه‌ی له‌و سۆنگه‌یه‌وه به‌ره‌وڕووی لاوان بوونه‌ته‌وه، به‌شێکی زۆر له لاوان تووشی لادان له نۆرم و به‌ها کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان بوونه‌ته‌وه‌و بوار بۆ رووتێکردنی لاوان بۆ کاری ره‌ش یا نه‌شیاوی وه‌ك قاچاغی مادده‌هۆشبه‌ره‌کان و لێکترازانی شیرازه‌ی خێزانه‌کان و چوونه سه‌رێی رێژه‌ی تاوان و جینایه‌ت و لادانه‌کانی وه‌ك ئیعتیادو دزی له بارترو مه‌یسه‌لتر بووه. دواکه‌وتن و چوونه سه‌رێی ته‌مه‌نی پێکه‌وه‌نانی ژیان، چوونه‌سه‌رێی رێژه‌ی ته‌ڵاق و په‌ره‌سه‌ندنی خه‌مۆکیش له ده‌ره‌نجامه‌کانی دیکه‌ی بێکارین.

به‌ڵام رۆڵی حکوومه‌ت و دامووده‌زگا به‌رپرسیاره حکوومییه‌کان له‌و نێوه‌دا چیه؟ ئه‌وه‌ی روون و ئاشکرایه که ساڵ به‌ساڵ نرخی بێکاری له ئێراندا زێده‌ترده‌بێ و سیاسه‌ت و رێوشوێنه ئابوورییه‌کانی رێژیم وه‌ڵامده‌ری ئه‌و دۆخ و واقعه‌نه‌بوه‌و ته‌نانه‌ت نه‌یتوانیوه کۆنترۆڵیشی بکاو له ئاستێك دا رای بگرێ. کۆمه‌ڵگه‌ی ئێران پێویستی به ره‌خساندنی لانیکه‌م ٨٠٠ هه‌زار یان له‌واقیعدا یه‌ك ملیۆن و دووسه‌د هه‌زار هه‌لی کار له ساڵدا هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی نرخی بێکاری له‌و ئاسته‌ی ئێستادا راگرێ یان بیهه‌وێ له‌و نرخه بێکارییه که‌م بکاته‌وه به‌ڵام ئابووریی ئێران زۆر زۆر له‌وه لاوازتره یه‌ك له سێی ئه‌م هه‌له کارییانه بۆ حه‌شیمه‌تی بێکارانی وڵات بڕه‌خسێنێ. نه‌بوونی که‌شی له‌بار بۆ وه‌به‌رهێنانی نێوخۆیی و نه‌بوونی وه‌به‌رهێنانی بیانی له ئه‌نجامی سیاسه‌ته گێره‌شیوێنییه‌کانی رێژیم و سیاسه‌تی چه‌وتی ئابووریی رێژیم له بواری سیستمی دراو، که‌رتی تایبه‌تی، پیشه‌سازی و هه‌نارده‌و هاورده‌یی دا ئه‌و قه‌یرانه‌ی بۆ خه‌ڵکی ئێران خوڵقاندوه. سه‌یرنیه که له ئه‌نجامی ره‌چاوکردنی ئه‌و جوره سیاسه‌تانه‌ی رێژیم چ ده‌ره‌کی‌و چ سیاسه‌تی ئابووریی‌و هۆی گه‌مارۆ ئابوورییه‌کان، پشکی ئێران له یه‌ك تریلیون و ٢٠٠ میلیار د دۆلار سه‌رمایه‌گۆزاریی راسته‌وخۆی ده‌ره‌کیی وڵاتان له ساڵی ٨٦ دا ته‌نیا ٣٠میلیون دۆلار بێ ،(٦) به‌ڵام له دراوسێیه‌تی ئێراندا پشکی وڵاتانێکی وه‌ك ئیمارات ١٢ میلیارد، تورکیه ١٠میلیارد و پاکستان ٣ میلیارد دۆلار بووه.

که‌وابوو به‌م وه‌زعه ناله‌باره‌وه‌و له ئێستاش دا به‌هۆی قه‌یرانی ئابووری له ئاستی جیهانی داو کاریگه‌ریی له سه‌ر ئابووریی ئێران توبڵێی چ دووره‌دیمه‌نێك بتوانرێ له قه‌یرانی بێکاری له ئێراندا وێنا بکردرێ.

سه‌رچاوه‌کان :
١ـ دوکتور محه‌ممه‌د مه‌دد، سه‌رۆکی ناوه‌ندی ئاماری ئێران
٢ـ ماڵپه‌ڕی " ادوار نیوز" ٢٤/ ٢/ ٨٧ به‌نه‌قڵ له سه‌رۆکی ناوه‌ندی ئامار
٣ـ مانگنامه‌ی "برنا"
٤ـ هه‌مان سه‌رچاوه‌ی (٢)
٥ـ غولامعه‌می فه‌رجادی کارناسی بازاری کار ILNA
٦ ـ رۆژنامه‌ی"اعتمادملی"١٩ی به‌فرانباری ٨٦

# داری خۆشەویستی

وەرگیران: چینی بەرزگەر

سەرەتا کە خۆم لە دەوری میلە ئاسنینەکانی دەوری پارکەکە دەهاڵاند ئەوەندەم بۆگرینگ نەبوو. تەنانەت خۆشحاڵیش بووم کە پاڵشت ودالدەیەکم دۆزیبۆوە بەدەوری دا بئاڵێم وگەشە بکەم. میلە ئاسنەکەش لەوزەماوەند وئاشنایەتییە گلەیی نەبوو، کارەکەی ئەوە بوو ئاگای لە من بێ کاری منیش، پێدانی ناو وناسنامەیەکی نوێبوو بۆئەو.

هەر رۆژێك کە تێدەپەڕی بە زەوقێکی زیاترەوە خۆم لەدەوری میلەکانی دەئاڵاند. هەموو ئەو گوڵ ودارانەی نێو باخچەکە ئاواتە خوازی ئەو خۆشەویستییە بوون کە لە نێوان من و ئەودا چرۆی کرد بوو،. دیارە دەکرێ هاوڕێیەکی باش بین بۆ یەکتری.

بەڵام دوای چەندساڵێك، بە هاتنی وەرزی بەهار، کاتێك لەخەوی دورودرێژی زستان خەبەرم دەبۆوە ومەبەستی گەشەکردن وشین بوونەوەم هەبوو، دەمدیت بەژنم گەورەتر بووە میلە ئاسنەکەش بۆمن تەسکتر بۆتەوە.

ئێستا چەند ساڵێکە لە نێو ئەو بەندیخانەیەدا کە بە دەست خۆم بۆخۆمم سازکردوە کۆیلەیەك دەبینم و هەست بەگوشاری میلە ئاسنەکان دەکەم بە سەر جەستەمەوە. ئەو دەردەی کە ناچارم تا کۆتایی تەمەن بیچێژم. لە بەر ئەوەیە کە دەڵێم خۆزگە بەو دارانەی کە بۆ پێگەیشتن و گەشە کردنیان پێویستییان بەهیچ پاڵپشت و دالدەیەك نیە.

ن: فاتمه اختر محققی

# هەوری خۆڵەمێشی

و: رەسووڵ سوڵتانی

باران هەروا دەباری. جاروبارە هەورەتریشقەیەك لە گۆشەیەکی ئاسمانەوە بریسکەی دەداو دەنگەکەی رێبوارەکانی رادەچڵەکاند. هەمووان پەلەی ئەوەیان بوو بگەنە شوێنێك.

کابراو ژنەکەی بە چەترێکەوە بە پێچەوانەی خەڵکی بەکاوەخۆ لە شەقامدا پیاسەیان دەکردو سەیری جامخانەی دووکانەکانیان دەکرد.

لەبەر جامخانەی جلوبەرگ فرۆشییەکەوە ژنە بە مێردەکەی گوت: بیژەن ئەو بلوزە سوورەت دیتوە چەندە جوانە؟

کابرا بە شێواوی گوتی: کامەیان؟ کێهەیانت گوت؟

ژنە بە حاڵەتێکی مندالانەوە گوتی: ئەوەی پەپوولەیەکی لەسەر چنراوە.

کابرا بە وەڕەزییەوە گوتی: مەعسوومە ! لەو بارانەدا نەهاتوومەتە دەرێ سەیری بلووز بکەم. دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم.

ژنە گوتی: چی؟ ئەها مەبەستت ئەوەیە کە لە ماڵەوە دایکم رێی لێگرتووی؟

ـ رێگر نیە، بەڵام تۆ ژنی منی. ئەو نابێ ئەوەندە خۆی لە کاروباری ئێمە هەڵقوتێنێ.

ژنە گوتی: وایە، هەقتە، ئەو تەنانەت ناوی منداڵەکەشمانی دیاری کردوە.

کابرا بە وەڕەزییەوە گوتی: ئیتر ئەوەیان قبووڵ ناکرێ. دەڵێم وا باشترە ماڵێك بە کرێ بگرین و لە لای دایکت بڕۆین.

ژنە گوتی: ماڵ بگرین؟ دەی بە کامە دراو؟

و هەروا چاوی بڕییەوە جامخانەی شمەکەکان.

پیاوەکە گوتی: سبەینێ بە هەر شێوەیەك بێ قەرز لە بەرپرسەکەم وەردەگرم. دەمەوێ لەو دۆخە رزگارمان بێ.

لەوکاتەدا ژنە وەك بڵێی شتێکی نوێی دۆزیبێتەوە بە دەنگێکی زیقەوە گوتی: ئای خوڵایە گیان، سەیری ئەو جلە شینە بکە چەند کەشخەیە. پرسیار بکەم بڵێم بایی چەندە؟

ن: فاتیمە ئەختەر موحەقیقی

کتێبی: گل حسرت

# کورتەیەك لە بارەی مێژووی هونەر و مۆسیقا لە سەدەکانی نێوەڕاست دا

ئارەش   و: ئاڵەشین   بەشی دووەم





**پاپ گریگۆری مەزن (گریگۆری یەکەم ٥٩٠ ـ ٦٠٤ زایینی)**

مەزنترین پاپای هەتا ئێستای جیهانی مەسیحیەت بووە. وەچەی بنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەندی رۆم بوو. دوای وەرگرتنی بڕوانامە لە بەشی ماف (حقوق) دا بوو بە فەرمانبەری دەوڵەت و پاشان کەوتە خزمەت کلێسەوە.. گریگۆری تەمەنی خۆی تەرخانی خزمەت کردنی ئایینی مەسیحیەت کردو سامان و داراییەکەی بۆ پێشخستنی ئەو ئایینە دانا. کلێسەیەکی زۆری لە سەرانسەری ئیتالیا ئاوەدان کردەوەو خۆی لە یەکێك لە گەورەترینیاندا لە ـ میلان ـ ملی لە تاعەت و عیبادەت نا. لە ساڵی ٥٩٠ زایینی وەك پاپ هەڵبژێردرا. یەکەم کەسێك بوو پلەی (ئیسقۆفی مەزنی) رۆمی پێدراوەو بە پاپ گریگوار ناوی دەرکرد.

گرینگترین کاری گریگۆری کۆکردنەوەی سرووده ئایینیەکانی کلێسەو تەواو کردنی ئاوازە ئایینیەکان بوو کە بە مەبەستی راست وتنەوەو پێشگیری لە شێواندن و لە بیر نەکردنی هەوای نێوان دوو پارچە ئاواز، قۆڵی لەو کارە هەڵماڵی. هێشتاش کۆی ئەو ئاوازانە لە میحرابی سێن پییەر دا ماون کە سەرچاوەی موسیقای کلێسەو بە سروودەکانی گریگۆری بەناوبانگن. زۆربەی سروودەکانی گریگۆری ژێدەرەکەیان ئینجیلە و وەك پەخشان بە زمانی لاتینی دەگوترێنەوەو خاوەن سەرچاوەی مونۆدیکن.

ئاوازەکانی گریگۆری کە بەشی هەرە زۆری ئەدەبیاتی موسیقای ئایینی و فەرمی سەردەمی سەدەکانی ناڤین پێك دێنن کۆپی و لاسایی کەرەوەی سروودی جوولەکەکانی چاخی داوودو هەواکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ ـ سروودی گرگوریایی، موسیقای فەرمیی کلێسەی کاتۆلیکی رۆم بوو. ئەو سروودانە کۆمەڵە میلۆدییەك بوون کە دەقە پیرۆزە لاتینییەکان بە میلۆدییانە و بێ ساز دەگوترانەوە. (ئەو سروودانەی خاوەن چنراوە مۆنۆفۆنیکن). میلۆدییەکانی گریگۆرییایی مەبەستیان گرژ کردنەوەی مەعنەویەتی بەشێك لە رێوشوێن و نەریتی ئایینی بوو. ئەو ملۆدییانە کەشێکی شیاوو گونجاویان بۆ نزاو پاڕانەوەو کردەوە تایبەتییە ئایینیەکان دەڕەخساند. ئاوازدانەرانی سەدەکانی ناڤین ـ چەندین سەدەی بەردەوام لەسەر بنەمای سروودە گریگۆرییایی بەرهەمە داهێنراوەکانی خۆیان رێکخست. (لە کاتی پێك هاتنی دوویەمین ئەنجومەنی ڤاتیکانەوە لە ساڵەکانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٥ رێوشوێنە کلێسەییە کاتۆلیکەکانی هەر وڵاتێك زۆرتر بە زمانی نەتەوەیی ئەو وڵاتەوە بەڕێوە دەچوون بۆیە ئەمڕۆ ئیدی سروودە گرگورییەکان باویان نەماوە.)

**مۆدەکلێسەییەکان**

بەشێك لە کوالێتی ئاسمانی سروودە گرگوریاییەکان لەو هەنگاوە ناباوانەوە سەرچاوەیان گرتوە کە بە کار هێنراون. ئەو هەنگاوانەوە "مۆدەکلێسەییەکان " یان پێدەڵێن. ئەو مۆدانە وەك هەنگاوەکانی ماژوورو مینور لەحەوت دەنگی جیاوازو دەنگێکی هەشتیەم کە دووپاتکردنەوەی دەنگی یەکەم لە ئۆکتاوێکی بەرز دا پێك دێ، بەڵام سەرچەشنی پەردەو نیوپەردەکان لەودا جیاوازن. مۆدەکلێسەییەکان هەنگاوە بنەڕەتیەکانی موسیقای رۆژئاوا لە سەدەکانی ناڤین و رێنیسانسن دا بوون کە لە موسیقای ئاینیی و هەروەها ئاسایی دا بەکارهاتوون: زۆربەی میلۆدی و ئاوازە ئاساییەکانی ئورووپاش هەر لە سەرچەشنی مۆدەکلێسەییان پێڕەوی دەکەن. یەکێك لە نموونە بەشکۆو شادەکانی سروودی گریگۆرییایی "بەشی "ئالە لویا" ی رێوڕەسمی جەژنی دەرکەوتنی مەسیح" ە . واژەی ئالە لویا واتا " سپاس دەکەم ئەی یەزدان". لەو سروودە دا کۆمەڵە نوتێکی جۆراوجۆر لە سەر کەرتێکی دەق دەخوێنرێنەوە. ئەو دەنگە پەیتا پەیتاو جۆراوجۆرانەی لە سەر برگەیەك دەخۆێنرێنەوە نیشاندەری چێژو بێهۆشی ئایینین کە پێناسە کردنیان دژوارە.

**کورتە مێژوویەك لە بارەی هونەرو موسیقای رۆمی کەونار**

(نابێ بەهەڵە رۆمی کەونار لەگەڵ ناوی ئیمپراتۆریی رۆمانیا لەگەڵ شاری رۆم تێکەڵ بکەین. رۆم هەم ناوی ئیمپراتۆریی مەزنی کەونارو هەمیش ناوی شارێکە " پێتەختی ئەو ئیمپراتۆرییە" کە بە یەکێك لە شتە سەیروسەمەرەکانی جیهان دەژمێردرێ. هەرچی پێوەندەیی بە وڵاتی کەونارەوە هەبێ پێی دەڵێن " رۆمانیایی " و هەموو شتێکیش کە پێوەندیی بە شاری رۆمەوە هەبێ پێی دەڵێن رۆمی (roma). وڵاتی یتیالیای هەنووکە بەشێکی بچووکی ئیمپراتۆری رۆمانیای کەونارە کە پێتەختەکەشی هەمان شاری رۆمی پێتەختی ئیمپراتۆریی رۆمانیایە.

**هونەری رۆمانیای کەونار**

بە لەدیك بوونی ئیمپراتۆری رۆمانیا هونەری ئەو وڵاتە وەسەر هونەری یۆنانی کەوت و جێگەی گرتەوە. هۆنەری رۆمانیا لە سەر بناخەی ئیمپراتۆری یەکگرتوویی ئەو وڵاتە پێك هات و بوو بەخاوەن ئیمکاناتێکی تا رادەیەك یەکگرتووو لە گۆڕەپانێکی بەرین دا پەرەی گرت. سەدەکانی یەکەم و دوویەمی زایینی ـ هونەری هێلێنی (یۆنانی )کە خاوەن تایبەتمەندی و خسڵەتگەلێکی بازرگانیانە بوو هەیمەنەی بە سەر هونەری ئیمپراتۆریی رۆمانیاوە هەبوو. بەپێی هونەری یۆنان ـ کۆتەڵ تاشی (پەیکەر) کە بە هونەرێکی بەرجەستەو بنەڕەتی دەژمێردرا جێی شێوەکاریی (هونەری رۆمانیایی) گرتەوە. بە تێپەڕ بوونی کات، هونەری رۆمانیایی رووی لە هەڵکشان کردو وەپێش هونەری یۆنانی کەوت بە جۆرێك کە لە سەدەی سێیەمی بەر لە زاییندا ـ لاسایی و چاولێکەریی لە هونەری یونانی کۆتایی هات و هونەری رۆمانیایی وەسەر هونەری هێڵنی کە گەیشتبووە بنبەست و بە هونەری خانەدانەکان دەژمێردرا ـ کەوت. ئەو هونەرە (رۆمانیایی)یە بە گەشەو پەرەی بەرچاوی پلەی کۆتەڵ تاشیی چاخی یۆنانی کلاسیکی بە دەست هێنایەوە.

رۆمانیا کە یەکێك لە زلهێزە سەیرو سەمەرەکانی جیهانی کەونار بوو پاش مردنی ئیمپراتۆر "تیئودوسیوسی مەزن" بە سەر دوو وڵاتی بەربەریندا دابەش بوو (٣٩٥ زایینی). رۆمانیای رۆژهەڵات (بیزانس) و رۆمانیای رۆژئاوا (ئیتالیا).

بە هۆی پێگەی چینایەتیی سەرداران لە خواروو‌ترین ئاستەکانداو جێگۆڕکێیان لەگەڵ خانەدانەکان لە کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریی رۆمانیای رۆژئاوادا هونەر لە خسڵەتی کلاسیکی تەکاوەو خسڵەتگەلی خەڵکی و شاری بە خۆوە دەگرت و هونەری یۆنانی بەزاند.

بەرهەمە هونەرییەکانی رۆمانیا بە هۆی بارودۆخی ئابووری ـ کۆمەلایەتی و حاکمییەتی سیاسی ـ بە پێچەوانەی بەرهەمە هونەرییەکانی یۆنانی کە بە پێی هەلومەرجی ئابووری کۆمەلایەتی ـ بۆنەیی و بێ حەماسەو دراماتیك، خسڵەت و تایبەتمەندیی کارتۆنی و تاکایەتییان پێوە دیار بوو ـ فۆرمێکی حەماسی ـ مێژوونووسی و دراماتیکیان بە خۆوە گرت.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 508 20 Apr 2009

ماڵپه‌ڕی ناوه‌ندیی حیزبی دێموكراتی كوردستان، ڕۆژنامه‌ی "كوردستان" و ڕادیۆ ده‌نگی كوردستان له‌ تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

ته‌له‌فۆنی ته‌شكیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# چوار ساڵی سەخت بۆ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان

قادر وریا

لە ٢٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، چوار ساڵ بەسەر دامەزرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا (RMMK) بە سەرۆکایەتیی ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەری بواری مافە مرۆیی‌یەکان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ڕابرد.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، لەگەڵ دامەزرانی‌دا، ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بەم جۆرە ڕاگەیاند:

١ـ هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ماف و ئازادییە دانپێدانراوەکان لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا و... هاندان بۆ چوونە نێو پەیماننامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و قبووڵکردنی پێوانەو ڕێوشوێنە نوێیەکانی مافی مرۆڤ.

٢ـ هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردن و ڕەچاوکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و مافە گشتی‌یەکان... هاندان بۆ ڕەچاوکردنی بنەما جیهانداگرو دابەشنەکراوەکان و پێکەوەبەستراوەیی دوو لایەنەی هەموو مافەکانی مرۆڤ.

٣ـ هەوڵدان بە مەبەستی چاوەدێری و پارێزگاریی مافی مرۆڤ، دژکردەوە نیشاندان بەرامبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پێشگیری لەم پێشێلکردنانە، هاندان بۆ نەهێشتنی بوارەکانی ترس و ڕەنج و نەداری و پێویستی و هەڵاواردن و، دەستڕاگەیشتن بە ئازادی، دادپەروەری، ئاشتی و هەموو مافێکی مرۆڤ.

٤ـ هەوڵدان بۆ فێرکردن و پەرەوپێدانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی، ڕەچاوکردنی دێموکراسی وەك بناغە و هەوێنی پاراستنی مافی مرۆڤ، بەهێزکردن و بەرەو پێشبردنی دێموکراسی، حکوومەتی قانوون و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هاندانی گیانی جیاوازی و جۆراوجۆری، قبووڵی ئەویترو وێکهەڵکردن، بەرپرسیاربوون، نەمانی توندوتیژی، هاوپێوەندی و، بەرێخستنی هاوهەنگاوی و هاوکاری لە سیستمی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ دا.

٥ـ هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەو قەومەکان، دەستڕاگەیشتن بە لێك تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر بناغەی یەکسانیی مافەکان، بنەمای نەمانی هەڵاواردن و، پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە، هاندانی ڕێزگرتن لە خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان، میللییەتەکان و قەومەکانی دانیشتووی ئێران و وڵاتانی ناوچە بە گوێرەی نیوەرۆکی مەنشووری نەتەوەیەکگرتووەکان و مەنشووری مافی مرۆڤ.

هەر لە سەرەتاوە دیار بوو دامەزرێنەران و ئەندامانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، شانیان داوەتە ژێر ئەرکێکی زۆر قورس و پڕمەترسی. ئەوان لە کاتێکدا خۆیان بۆ خزمەتی مافی مرۆڤ و کار بۆ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەیان تەرخان کرد کە بە زاڵبوونەوەی کۆنەپارێزان بەسەر هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردان دا، هەلومەرجێکی سەخت و کەشوهەوایەکی پڕ لە سەرکوت بەسەرئێراندا، زاڵ ببۆوە. ئەو ڕاستییەشیان دەزانی کە کارکردن بۆ مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە تایبەتی، وەك ڕۆیشتن بە نێو مەیدانی مین دایەو، زۆر زەحمەتە بە سلامەتی لەو مەیدانە تێپەڕن. ئەوان چارەنووسی زۆر لەو کەسایەتییانەیان لە ساڵانی پێشتردا دیبوو کە بە تاوانی دەنگ هەڵبڕین دژی دیکتاتۆری و سانسۆرو سەرکوت و، سەبارەت بە لەقاودانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ، تیرۆر یا بێ سەروشوێن کرابوون، یا لە ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی‌دا، بە دەم ئازارو نەخۆشی و کەم ئەندامییەوە دەتلانەوە.

بۆ سەختی و پڕمەترسیبوونی کاری بەرپرسان و پەیامنێرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان هەر ئەوەندە بەسە بزانین لە وڵاتێکی وەك ئێراندا کەسایەتییەکی لە ئاستی دنیادا ناسراوی وەك شیرین عیبادی کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی وەرگرتوە، ئازادیی تێکۆشان لە بوارەکەی‌دا نیەو، بەردەوام لەگەڵ بێڕێزی، بیانوو پێگرتن، کارشکێنی و هەڕەشەی دەسەڵاتداران بەرەوڕوویە. شتێکی زۆر سروشتییە، ئەوانەی سەربازێکی بێ-ناو نیشانی مرۆڤایەتین و لە ئاستی وڵات و ناوچەو دنیادا، پشتیوانییەکی کاریگەریان لێ ناکرێ، زۆر بە هاسانی سەرکوت دەکرێن. بەڵام تێکۆشەرانی سەر بە ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، سەرەڕای هەموو کۆسپ و هەڕەشەو مەترسییەك، ئەرکی پیرۆزو مرۆڤدۆستانەی خۆیان بەرەو پێش بردوە. داخرانی وێبلاگ و ماڵپەڕەکانیان، بانگ کرانی پەیتا پەیتایان بۆ بەناو دادگاکان و پەروەندەسازیی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ هەر کامێکیان، پەلکێش کرانیان بۆ بەندیخانەو، لەدەستدانی کارو بژیوی ژیان و زۆر سەختیی دیکە، هەنگاوی بەوان شل نەکردوە.

ل ٣

# وێبلاگنووس



## سۆران کورد ماد

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "سۆران کورد ماد"، وێبلاگێکە تایبەت بە وتارو بابەت لە بارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مێژوویی ئێران و کوردستان.

چەند بابەتێکی سەرنجراکێشی ئەم وێبلاگە بریتی‌یە لە: هاوارێکی پڕ لە خۆزگە (کە چاوخشاندنێکە بە سەر فیلمی کیان جیهانی‌دا)، "نابغە شرق و وزیر فرهنگ"، "هویت تاریخ و توریسم"، ڕۆژهەڵات هم رفت، "اینجا کرکوك است" و ...

نوێترین بابەتی بە ناوی "بودن، مرگ و انفال"، باسێکە لە سەر ئەنفال و ژینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان بە دەستی ڕێژیمی ڕووخاوی بەعس و ئاماژە بەم ڕووفاتانە دەکا کە لەم دواییانەدا لە باشووری عێراقەوە لە نزیك شاری نەجەف بەرەو گەرمیان هێنرانەوە.

پێویستە بوتری بەڕێوەبەری ئەم وێبلاگە "سۆران سلێمانی" لە دایك بووی پارێزگەی ورمێ و خاوەن بڕوانامەی کارناسیی مێژوو و سەرنووسەری بڵاوکراوی خوێندکاری "هەواڵ نیوز" (یەکەم بڵاڤۆکی خوێندکاریی ئێران)ە و هەروەها لە زۆربەی بڵاوکراوە خۆجێی و خوێندکارییەکاندا بابەت و وتاری بڵاو بۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم وێبلاگە دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن:

http://www.sorankurdmad.blogfa.com

# خەڵاتی سەرەکیی فیستیڤاڵی مێلبۆرن بە سینەماکارانی کورد بڕا

لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کوردی "مێلبۆرن" لە وڵاتی ئوستراليا لە بەشی دوویەمین خولی نێونەتەوەیی فیلمی کوردی "مێلبۆرن" Kurdish Festival of Mowing Image کە بە نمایش کردنی ١٤ کورتە فیلم لە سینەماکارانی کوردو بیانی لە ڕۆژانی ١١و ١٢ی ئاوریلی ٢٠٠٩ لە هۆڵی شانۆیی زانکۆی "مێلبۆرن" لە وڵاتی ئوستراليا بەڕێوەچوو، سێ سینەماکاری سنەیی خەڵاتە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵیان بەدەست هێنا.

پلەی یەکەمی باشترین دەرهێنان:

ـ سالم سڵەواتی بۆ دەرهێنانی کورتە فیلمی "رویای برفی" واتە خەیاڵی بەفری.

باشترین وێنەگر:

ـ حەمید ساعد موحکەم بۆ وێنەگرتنی کورتە فیلمی "اینجا جادەها پایان ندارند" واتە لێرە شەقامەکان کۆتاییان نیە لە دەرهێنانی تۆفیق ئەمانی.

باشترین مونتاژ:

ـ کیانوش موشیر وەزیری بۆ مونتاژ کردنی کورتە فیلمی "سنوور" لە دەرهێنانی سەتار چەمەنی گوڵ.

جێێ ئاماژە پێدانە لە بەشی کێبڕکێی دوویەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کوردی "مێلبۆرن" ١٠ کورتە فیلمی دیکە لە سینەماکارانی




هەرێمی کوردستان، ئێران و وڵاتانی دیکە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژە دا نمایش کران.

فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کوردی "مێلبۆرن" کە لە بواری پەرەپێدان و نمایش کردنی فیلمە کوردییە سەربەخۆکان چالاکی دەکا، بە هاوکاریی و یارمەتی ڕێکخراوی "سینە ووست" Cine West لە وڵاتی ئوستراليا بەڕێوە چوو.

ژێدەر: PNA

# چاپکراوی نوێ





**سیاسەت و حکوومەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا**

ناوی نووسەر: د. بێهزاد شاهەند

وەرگێڕان: مێهدی مێهرپەروەر

ناوەندی بڵاو کردنەوە: دەزگای موکریانی




**کۆچ (هۆکارو ئاسەوارەکان)**

ئامادە کردن و وەگێڕان لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

ناوەندی بڵاو کردنەوە: دەزگای وەرگێڕان

# کاندیدای سەرکۆماری و میر غەزەب

لە ژوورەکەم خەریکی کار بووم و بیرم لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران لە مانگی جۆزەردان دا دەکردەوە، کە لە ناکاو هاوڕێیەکم لە حاڵێکدا، وێنەیەکی بەدەستەوە بوو هاتە ژوورەوە و وێنەکەی پێشان دام. گوتم: ئەی هاوار ئەوە کێیە؟ گەڕاوە و گوتی: بە خوا سەیری؟ کاکە ئەوە میرحسێن مووسەوی پاڵێوراوی ڕیفۆرمخوازەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەو خولەیە.



گوتم: کاکە باشە زۆر پیرۆزە، ئەگەر ئەو پیاوە ڕێفۆرمیستە، ئەو میرغەزەبانە چین لەم لاو ئەو لای ڕاوەستاون؟

گەڕایەوە و چاوێکی لێکردم و گوتی: بۆ نەتبیستووە ڕێفۆرم بەهێز دەکرێ، دەبێ هێزت هەبێ. قورساییت هەبێ تا بتوانی ڕێفۆرم بکەی؟

جا ئێوە هەر بڵێن کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی داخراوەو ڕیفۆرمی تێدا ناکرێ و هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن!! ئەوە نیە میرحسێن مووسەوی بۆتە شێخی ریفۆرم و لە ڕێگەی موریدە عەنتەرەکانی، کە تا دوێنێ لە قەسابییەکانی ئێوین و ڕەجایی شەهر و تەوحید کاریان دەکرد بە بڵاو کردنەوەی وێنەی لەم جۆرە ڕاستەوخۆ دەڵێ:

"پەل ببزێوی لە پرۆسەیەکی ڕێفورمیستی دا دەڵێم مامە ورچە بتخوا"

گەر زانیبام وایە
کەی من هاوڕێی ئیشت بووم
هاتم لە بۆ ئیسلاحات
تووشی خرقەو ریشت بووم